
## یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان



### راپۆرتێک لەبارەی:

# کێشە خزمەتگوزارییەکانی
Lorem Ipsum
# ناوەندی ناحییەکانی گەرمیان

ئایاری 2025

## پێشەکی:

لـە سـنوری ئیدارەی گەرمیاندا ٩ ناحیە هـەن، چوار لەو ناحیانە سـەر بە قەزای کفرین (سـەرقەڵا، کۆکس «کوڵەجۆ»، نەوجول «زینانە» و ئاوەسـپی «خان»)، سیانیان سەر بە قەزای کەلارن (رزگاریـی، باوەنـور و شـێخ تەویـل) و دوانیشـیان (مەیدان و قۆرەتو) راسـتەوخۆ سـەر بە ئیـدارەی گەرمیانـن. جگە لەوەش بەڕێوبەرایەتییەکانــی سـنوری ئیدارەی گەرمیـان بەش و هۆبە و فەرمانگەیان هەیە لە هەندێک لە ناحییەکانی ناوچە دابڕێنراوەکان، بەڵام لەم راپۆرتەدا تیشـک دەخەینە سـەر ئەو ناحییانەی کە بە تایبەت سەر بە ئیدارەی گەرمیانن.

# بەشی یەکەم: ئەرک و کارەکانی بەڕێوبەرایەتی ناحییەکان

### ١. ئەرکی بەڕێوبەری ناحیەکان

«وەک سلسـلەی ئیداری ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە پردی پەیوەندی نێوان فەرمانگەکان و قایمقامیەت و ئیدارەی گەرمیانین، بەجۆرێک لە هەر سـێکتەرێک پرۆژە و کێشـە هەبێت بە نوسـراو بێت یان گشـتاندن بێت یان بە دەرخسـتە لەلایەن فەرمانگەکانەوە ئامادە کرا ئاراسـتەی قایمقامیەتی دەکەین دواتر بۆ ئیدارەی گەرمیانی بەرز ئەکەنەوە«. جەمال ساڵح، بەڕێوبەری ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلار وای وت.

وتیشـی: هەر کێشـە و گرفتێکیش بێت بەهەمان شـێوە داخلی ئەبین و هەوڵی چارەسـەرکردنی ئەدەین لە رێگەی یەکەی ئیداری سەروی خۆمان و فەرمانگەکانیش.

لایخۆشیەوە، دانا ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحیەی شێخ تەویل، وتی: هـەر پرۆژەیەک هەبێت لایەنەکان دەرخسـتەی بـۆ ئامادە ئەکەن ئـەوەش لەسـەر داواکاری ئێمەیە بۆ کۆی سـێکتەرەکان، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ کۆی لایەنەکان پەیوەندیمان هەیە.

«ئەرکـی ئێمە ئەوەیە کـە پردی پەیوەندی نێوان فەرمانگەکان و قایمقامیەت و ئیدارەی گەرمیانین، بەجۆرێک لە هەر سـێکتەرێک پرۆژە و کێشە هەبێت بە نوسراو بێت یان بە دەرخستە ئاراستەی قایمقامیەتی دەکەین دواتر بۆ ئیدارەی گەرمیانی بەرز ئەکەنەوە«. عەدنان عەلی محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور سەر بە قەزای کەلار وای وت.

باسـی لەوەشـکرد: تەنانەت خۆمـان سـەردانی وەزارەتەکانیش ئەکەیـن بۆ هەر بابەتێک بەتایبـەت خزمەتگوزارییەکان بۆ نمونە پالاوگـەی ئـاوی ناحیەی باوەنور یەکێکە لـەو پرۆژانە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکرێت.

بـە هەمان شـێوە، عەزیزمحەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی ئاوەسـپی سـەر بە قـەزای کفری دەڵێت: هاوشـێوەی ناحیەکانـی دیکە لە روی ئیدارییـەوە بۆ کۆی بابەتەکان لـە رێگەی قایمقامیەتەوە بۆ ئیدارەی گەرمیان بە نوسراو بەرز ئەکرێتەوە.

وتیشـی: ئەگەر داواکاری هاوڵاتیان بێت بۆ خۆمان پشـتگیرییان دەکەین بۆ فەرمانگەکان.

بەپێچەوانـەوە، چەنـد ناحیەیەک هـەن راسـتەوخۆ گرێدراون بە ئیدارەی گەرمیانەوە نەک قەزاکانی کەلار و کفرییەوە.

سـەروەرت محەمـەد، بەڕێوبـەری ناحیـەی مەیدان، وتـی: ئێمە راستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان ئەکەین بۆ هەر بابەت و پرۆژەیـەک، زۆرینەی فەرمانگەکانیش لەلای ئێمە هەیە و پردی پەیوەنـدی نێوان ئەوان و ئیـدارەی گەرمیانین، هەر داواکارییەک هەبێت بەرزی ئەکەینەوە.

لایخۆشـیەوە، دانا ئەحمەد، بەڕێوبەری ناحیەی شێخ تەویل سەر بـە قەزای کـەلار، دەڵێت: کاری ئیداری ئێمە لەسـەر ئەساسـی داواکاری خۆمـان و هاوڵاتیـان و ئەنجومەنـی گوندەکانـە بۆ هەر بوارێـک لە بوارەکان، دواتر ئێمە ئاراسـتەی قایمقامیەتی ئەکەین لەوێشـەوە بۆ ئیدارەی گەرمیان بەرز ئەکرێتەوە و دواتر بۆ لایەنە پەیوەندارەکان ئەڕوات.

«هـەر داواکارییـەک چ لەلایەن فەرمانگەکانـەوە بێت چ لە لایەن هاوڵاتیانەوەبێت ئێمە کاری لەسـەر دەکەین و ئاراسـتەی سەروی خۆمانـی دەکەیـن دواتـر بۆ ئیـدارەی گەرمیـان دەڕوات»، دلێر عەبدوڵڵا مەحمود، بەڕێوبەری ناحیەی سـەرقەڵا سـەر بە قەزای کفری وای وت.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: هەر ئەوەندە نا نوسراو بکەین و بوەستین، بەڵکو چ لە سەر ئاستی ناحیە بێت یان چ لەسەر ئاستی ئیدارەی گەرمیـان و بەڕێوبەرایەتیـەکان بێـت بەدواداچـون دەکەینـەوە، تەنانەت لەسەر ئاستی وەزارەتەکانیش بەدواداچون دەکەین.

## ٢. بودجەی ناحیەکان

ناحیەکانی گەرمیان سالانە لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان پارەیان بۆ تەرخان دەکرێت بۆ هەر پرۆژەیەک ئەنجامبدرێت لە ناحیەکەدا، ئەم پرۆژانەش بە دەرخستە ئاراستەی ئیدارەی گەرمیان دەکرێت و لە رێگەی ئەوانەوە بانگەوازی بۆ دەکرێت.
جەمال سالح، بەڕێوبەری ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلار وتی: لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بەگوێری سەرژمێری دانیشتوان دابەش ئەکرێت، بۆماوەی ٣ ساڵە لەوێم ٢ ملیار و ٨٠٠ ملیۆن دینار بە ٣ ملیار و ٥٠٠ ملیۆن دینار تەرخان کراوە.
وتیشی: بە گوێرەی پێویستیەکانیش کردومانەتە دەرخستە و ئاراستەی ئیدارەی گەرمیانمان کردوە و خەرجمان کردوە بۆ کۆی سێکتەرەکان و هەر لە رێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە تەندەرینی بۆ ئەکرێت.
بەهەمان شێوە، عەدنان عەلی محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور سەر بە قەزای کەلار باسی لەوەکرد: بەشە بودجەی ناحیەی باوەنور لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانە بۆ سالی ٢٠٢٣ بڕی نزیکەی ٦٥٠ ملیۆن دینارمان بەرکەوتوە، بۆ هەر پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری بەتایبەت بە دەرخستە ئاراستەی ئیدارەی گەرمیان کراوە و لەوێوە تەندەرینی بۆ کراوە و دراوە بە بەڵێندەر لە رێگەی فەرمانگە پەیوەندیارەکانەوە.
دەشڵێت: بۆ سالی ٢٠٢٤یش کۆمەڵێک دەرخستەمان پێشکەش کردوە لە دروستکردنی پارکی خێزانی و کۆمەڵێک پرۆژەی دیکە رەزامەندی وەزارەتی پلاندانانیشیان بۆ هاتوەتەوە چاوەڕوانین بودجەی بۆ تەرخان بکرێت و لە رێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە بانگەوازی بۆ بکرێت.
بە هەمان شێوە، عەزیزمحەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی ئاوەسپی سەر بە قەزای کفری لە گەرمیان دەڵێت: هاوشێوەی ناحیەکانی دیکە لەسەر سەرژمێری دانیشتوان ئەکرێت و ئەمەش یەکێکە لە کێشە سەرەکیەکان، بۆماوەیی ٤ ساڵە لەوێم یەکجار تەرخان کراوە، دوجار بەرزمان کردوەتەوە و ساڵێکیش جێبەجێ کرا، بەڵام خەرج نەکراوە بەهۆی نەبونی پارەی نەختینەوە.
وتیشی: بەشی ئێمە ١٠٠ بۆ ١٥٠ میلۆن دینارە.
سەروەرت محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی مەیدان لە گەرمیان وتی: بودجەکەمان هاوشێوەی ناحیەکانی ترە و بەگوێرەی ژمارەی دانیشتوانە.
جەختی لەوەشکردەوە: «رێژەکەشی گۆرانکاری بەسەردا دێت»، بەبێ ئەوەی ئاماژە بە رێژەکە بدات.
«بودحەی پەرەپێدانی بەپێی ژمارەی دانیشتوانە، بەڵام ئاماژە بە بڕی بودجەکە نادەم چونکە تەنها رەقەمە و هاوڵاتیان کاریان ئەوێت و بودجەش کە نەبو بۆ یاس بکرێت؟» دلێر عەبدوڵڵا مەحمود، بەڕێوبەری ناحیەی سەرقەڵا سەر بە قەزای کفری وای وت.

## ٣. سکاڵا و بەدواداچون

بەڕێوبەرانی ناحیەکان جەخت لەوەدەکەنەوە کە بە دواداچون و ئیجارائات دەکەن لە بونی هەر سکاڵایەک ئاراستەیان بکرێت.
جەمال سالح، بەڕێوبەری ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلار وتی: چەندین جار سکاڵا و گلەی هەبوە لەسەر بەڕێوبەری فەرمانگەکانم لەلایەن هاوڵاتیانەوە بانگمان کردوە و ئاگادارمان کردوەتەوە کە چارەسەری بکات، جاری واش هەبوە نوسراومان کردوە لەسەر بەڕێوبەرێک کە ئەدای وەکپێویست نەبوە توانای خۆی خەرج ناکات لە پێناو خزمەتی گشتی.
جەختی لەوەشکردەوە: ئێمە چاودێری ئەکەین و بەدواداچون ئەکەین و ئیجرائاتیش ئەکەین.
«هاوڵاتیان لە هەر سێکتەر و بوارێکدا بێت و سکاڵای هەبێت، بەدواداچونمان بۆی کردوە و بەڕێوبەری فەرمانگەکەش بانگراوە و هەوڵی چارەسەرکردنیشمانداوە بە کەمترین ماوە». عەدنان عەلی محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی باوەنور وای وت.
بە هەمان شێوە، عەزیزمحەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی ئاوەسپی دەڵێت: هەر سکاڵایەک هەبێت بەدواداچونی بۆ ئەکەین.
سەروەت محەمەد، بەڕێوبەری ناحیەی مەیدان، وتی: هەر سکاڵا و داواکارییەک هەبێت بەدواداچونی بۆ ئەکەین و ئیجرائاتیش ئەکەین و چاودێریش ئەکەین، هەندێک داواکاریش کە دێتە لای ئێمە فەرمانگەی پەیوەنداریش نەبێت راستەوخۆ ئاراستەی ئیدارەی گەرمیانی دەکەین و ئەوان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیداری دەکەن.

# بەشی دوەم: دیارترین کێشە خزمەتگوزارییەکانی ناحیەکان

## ١. کارەبا

دانیشتوانی بەشێک لە ناحیەکانی گەرمیان جەخت لەسەر خراپی دۆخی کارەبا دەکەنەوە لە نێو ناحیەکانیاندا بەتایبەت لە روی نزمی ڤۆڵتیەوە.

سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحیەی باوەنور وتی: ناحیەکەمان خراپترین جۆری کارەبای هەیە بەراورد بە ناحیەکانی تر، چونکە چەندین ساڵە بەدەست کەمی نزمی ڤۆڵتیەوە دەناڵێنین، تەنانەت زۆرینەی ئامێرە کارەباییەکانمان چەندینجار سوتاوە.

وتیشی: چەندینجار سەردانی لایەنە بەرپرسەکانمان کردوە بە دەم داواکەمانەوە نەهاتون، چونکە وێستگەیەکی مۆبایلیان بۆ هێناوین بۆ ئەوە ئەو کێشەیە چارەسەر ببێت، کەچی ئەویش بۆ دو مانگە کارەکانی راگیراوە پارەی بۆ تەرخان ناکرێت لەگەڵ دابینکردنی کارمەند بۆی.

«لە روی کارەباوە کێشەی ئەوەمان هەیە کە بایەکی خێرا دێت یان بارانێکی زۆر ئەبێت راستەوخۆ خراپ دەبێت، بە جۆرێکە جاری وا هەیە بە ٢ رۆژ کارەبامان نابێت». تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری وا دەڵێت.

وتیشی: ئەمە جگە لەوەی کە کێشەی نزم و زیادی ڤۆڵتیەمان هەیە و زۆر کێشەی بۆ دروست کردوین رۆژانە ئەمەش بەپێی وەرزەکان دەگۆڕێت.

بە پێچەوانەوە، جەبار حەمە ساڵەح، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی، وتی: بەشێوەیەکی گشتی کارەبا لە ناحیەکە خراپ نیە، ئەوەی هەیە حکومەت رێژەیەک کارەبا رۆژانە دابینی دەکات و کەمە، زۆرترین کاتەکان مۆلیدە پڕی کردوەتەوە.

وتیشی: کێشەیەک هەیە لە وەرزی هاوین نزمی ڤۆڵتیەیە کە کێشەی بۆ دروستکردوین و زۆربەی ئامێرە کارەباییەکانمان روبەڕوی کێشەبوەتەوە، بەتایبەت لە گەڕەکی ئێمە کە حەمرینە لۆدی زۆری لەسەرە، ئەگەرچی محاویلەیەکیانن هێناوە و بۆ نزیکەی ٧ مانگە کۆمەڵێک عامودیان داناوە هیچ نەکراوە هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

هاوکات، محەمەد عومەر حەسەن، دانیشتوی ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: کارەبای ناحیەکەمان خراپ نیە ئەمەش بەهۆکاری مۆلیدەی ئەهلی توانراوە کارەبای پێویست دابینبکرێت، بەڵام هەندێکجاریش کەموکورتی دروست ئەبێت لە خراپ بون و پچڕانی وایەر و کێشە لە وێستگەکان.

لە بەرامبەردا، حازم کەریم، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی کارەبای گەرمیان باس لەوە دەکات: کێشەی کارەبای ناحیەکانی گەرمیان ئەوەیە وێستگەی تایبەت بە خۆیان نیە، یەکێک لەوانە باوەنورە کە لە ناحیەی مەیدانەوە کارەبای بۆ هاتوە ئەمەش هۆکارە بۆ ئەوەی کێشەی پچڕان و نزمی ڤۆڵتیەی بۆ دروست ببێت، ئەگەرچی لە ئێستادا وێستگەیەکی مۆبایلمان بردوەتە ناحیەکە و کار لەسەر راکێشانی فیدەرەکانی دەکەین و ستافی بۆ دابین دەکەین لە ئایندەیەکی نزیکدا دەست بەکارکردن دەکات و کێشەی کارەبای ناحیەکە چارەسەر ئەبێت.

باسی لەوەشکرد: کێشەی ڤۆڵتیەی کارەبای باوەنور ئەوەیە فیدەری١١kvیە کە ئەمەش نابێت لە ٧ بۆ ١٠ کیلۆمەتر زیاتر دوربێت، ئەمیش لە ناحیەی مەیدانەوە دێت نزیکەی ٣٠ کیلۆمەتر دروە ئەمە وایکردوە ڤۆڵتیە نزم بێت.

وتیشی: ناحیەی نەوجولمان هەیە ئەویش بە هەمانشێوە لە ناحیەی سەرقەڵاوە کارەبای بۆ رۆشتوە بە عەمود کە ئەمەش وەک تاوەرەکان نیە کە خەتی هەورە بروسکەی هەبێت و کاری لێنەکات، چونکە فنجانەی هەیە کە درزی برد ئەشکێت و خەتەکەی ئەکەوێت، ئەمیش بە هەمان شێوە وێستگەیەکی مۆبایلمان بۆ بردوە و کار لەسەر راکێشانی هێلی ٣٣KV ئەکەین کە تەواو بو ئەوا ئەویش چارەسەر ئەبێت بە گوندەکانیەوە.

جەختی لەوەشکردەوە: لە ناحیەی کۆکس «کۆڵەجۆ» وێستگەیەکی ١٠ مێگاواتی مۆبایلمان داناوە و لۆدی لەسەرە کارمان لەسەر کردوە کە وێستگەیەکی ٤٥ مێگاواتی دابنێین، چونکە خواستی زۆری لەسەرە، لە پلانی وەزارەت زیادمان کردوە بە هێنانی ئەو وێستگەیە کێشەی کۆی ناحیەکە و گوندەکانیشی چارەسەر ئەبێت.

دەرابەری ئەوەی چارەسەری بنەڕەتی چییە بۆ کێشەی کارەبای ناحیەکان؟ لەوەڵامدا بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی کارەبای گەرمیان ئاماژەی بەوەکرد: ئەگەر بمانەوێت کێشەی کارەبای ناحیەکان بەتایبەت لە روی ڤۆڵیتەوە چارەسەر ببێت، ئەوە دەبێت هەر ناحیەیەک و وێستگەیەکی مۆبالیی تایبەت بە خۆی هەبێت لە نێو ناحیەکەیدا، بۆ کۆی ناحیەکانیش پلانی ئەوەمان هەیە و لە وەزارەتیش کارمان لەسەر کردوە.



**دیمەنێکی ناحیەی شێخ تەویل سەر بە قەزای کەلار**

## ٢. ئاوی خواردنەوە

بەشێک لە دانیشتوانی ناحیەکانی گەرمیان باس لەوەدەکەن کێشەی سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی ماڵانیان هەیە کە تاوەکو ئێستا چارەسەر نەکراوە.

سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلار دەڵێت: بەشێوەیەکی گشتی ناحیەی رزگای کێشەی ئاوی ماڵانی نیە، بەڵام گەڕەکی وامان هەیە شارەوانی بە تەنکەر ئاویان بۆ دابین ئەکات هەندێکیان هەیە بیریان بۆ کراوە، بەڵام وەکپێویست نیە.

باسی لەوەشکرد: گۆڕانکاری لە کاتی ئاوی ناحیەکەش ئەکرێت لە زستانان بەتایبەت کە رۆژ نا رۆژێک ئاو دەدرێت، لە کاتێکدا دەکرێت هەمو رۆژێک دابەش بکرێت، بەڵام کاتەکەی کەمبکرێتەوە.

هاوکات، ئاکۆ حەمید، دانیشتوی ناحیەی باوەنوری سەربە قەزای کەلار وتی: لە ساڵانی رابردو کێشەی تۆڕی ئاوی خواردنەوەی ناحیەکەمان هەبو بەهۆی پیسبونیەوە کە ٢ رێڕوی ئاوەڕۆی ماڵان لە سەروی ئەو بیرانەوەیە کە ئاوی لێوە دابەشدەکرا، ئەگەرچی ئێستا کێشەکە بە کاتی چارەسەر کراوە، بەڵام دڵنیا نین لە پاکی ئاوەکەی، ئەمە جگە لەوەی کە کێشەی کەم ئاویمان هەیە و رۆژ نا رۆژێک ئاو دابەش دەکرێت.

وتیشی: لە ئێستاشدا کار لەسەر پرۆژەیەک دەکەن وەک پاڵاوگەی ئاوی ناحیەکە، بەڵام ئەویش چەند مانگێکە کارەکانی بە سستی دەڕوات و نازانین کەی تەواو دەبێت.

«پرۆژەی ئاوی خواردنەوەمان نیە لە نێو ناحیەکەدا، پرۆژەیەکمان هەبو لە ژوری خانەوە ئاو دابەش بکات، ئاوەکەش لە بەنداوەکە دێت ئەگەر لێڵ بێت لە زستان ئاومان نابێت». تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری وا دەڵێت.

لە بەرامبەردا، نەوزاد حەمید، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی ئاوی دەوروبەری گەرمیان، باسی لەوەکرد: لە ناحیەکان بەگشتی گرفتی کەم ئاویمان نیە ئەوەی هەیە گرفتی رۆژانەیە لە خراپبونی ماتۆڕەکان و سیانەکردنیان، پشت بە سەرچاوەی بیری قوڵ و کانیاوەکانیش دەبەستن.

وتیشی: بۆ ناحیەی باوەنور پرۆژەی پاڵاوگەی ئاوی باوەنور لە کاردایە و لە ٪٨٠ی کارەکانی تەواو بوە، بەڵام بەهۆی خەرج نەکردنی بودجەی پێویستەوە کارەکانی بە سستی ئەڕوات، لەگەڵ ئەوەشدا گوژمەی پرۆژەکە خۆی لە ١ ملیار و ١٣٤ ملیۆن دینار ئەبینێتەوە، بەهۆی ئەوی بڕگەی ترمان زیاد کردوە وەک تانکی و هەندێک پێداویستی دیکە، گوژمەکەی گۆرانکاری بەسەردا هاتوە ئەگاتە ١ ملیار و ٢٠٠ ملیۆن دینار.

جەختی لەوەشکردەوە: بۆ لێڵبونی ئاوی ناحیەی ئاوەسپیش نەمانتوانیوە چارەسەری بکەین، چونکە پشت بە روباری ناحیەکە ئەبەستێت لە وەرزی زستان ئەو کێشەیە رو ئەدات و بەردەوامی هەیە، بەڵام وەک ئاوەکە و کواڵێتی ئاوەکە هیچ کێشەیەکی نیە.

بەپێی وتەی بەڕێوبەری ئاوی دەوروبەری گەرمیان، دۆخەکە بۆ ناحیەی شێخ تەویل جیاوازترە و ٢ بیری قوڵیان هەیە لە گەڵ کانیاو هاوکات لە پلانیاندا هەیە سەرچاوەی دیکەی ئاو زیادبکەن بۆ ناحیەکە، هاوکات وەکخۆی وتی: «بەردەوامیش چاکسازی ئەکەین لە بەرنامەشمان هەیە کاری زیاتری بۆ بکەین».

## ٣. تەندروستی

بەشێک لە هاوڵاتیانی ناحیەکانی گەرمیان باس لەوە دەکەن کە کێشەی مەڵبەند و بنەکەکانی تەندروستی هەیە، بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیانیش رونکردنەوە دەدات.

سەریاس سەمین، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی باس لەوە دەکات: لایەنی تەندروستی لە ناحیەکە زۆر خراپە بە جۆرێکە تەنها دو مەڵبەندی تەندروستی هەیە لە کاتێکدا دانیشتوانی ناحیەکە نزیکەی ٧٠ هەزار کەسە ئەمەش وادەکات پێویستی زیاتری بە نەخۆشخانە و مەڵبەند هەبێت.

وتیشی: لە ئێستادا دو بینای تەواو نەکراومان هەیە لە ناحیەکەدا کە بۆ زیاتر لە ١٠ ساڵە هەربینایە و بە تەواو نەکراوی ماوەتەوە و هەنگاوێکی جدیش نیە بۆ ئەو بابەتە، ئەمە جگە لەوەی کێشەی دەرمان و پێداویستی بەردەوام هەیە لە ناوچەکەدا.

«لە روی بینای تەندروستیەوە بینایەکی باشمان هەیە، بەڵام ئەم بینایە پەیوەستە بە وەزارەتی پێشمەرگەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چارەسەری باشی هاوڵاتیانی تێدا کراوە«. سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحیەی باوەنور وا دەڵێت.

وتیشی: بەشێوەیەکی گشتی ناحیەکە لە چاو ناحیەکانی تر لە روی تەندروستیەوە باشە، بەشی فریاکەوتنی ٢٤ کاتژمێری هەیە لە هەر کات و ساتێکدا نەخۆش سەردان بکات چارەسەری بۆ دەکرێت بەپێی پێویست.

هەورامان جەلال، دانیشتوی ناحیەی سەرقەڵا باس لەوە دەکات: ناحیەکەمان گەورەترین کێشەی تەندروستی هەیە، ئەوەی هەیە بنکەیەکی کۆنمان هەیە و بێ کارمەند ماوەتەوە کە تەنها ٢ کەسن و فریاکەوتنی نیە.

دەشڵێت: ئێستا بینایەکی باش دروستکراوە مەڵبەندی تەندروستی ناحیەکەیە، بەڵام بەهۆی نەبونی ستاف و پێداویستیەوە تاوەکو ئێستا نەکراوەتەوە و بەچۆڵی ماوەتەوە، کێشەی تەندروستی لە ناحیەکە بەشێوەیەکە مەڵبەندەکەی لە ١٢ی نیوەڕۆوە داخراوە.

سەبارەت بە دەرمان و پێداویستی دیکە، هەورامان وتی: تەنها چەند جۆرێکی کەمی دەرمان هەیە و کێشەی زۆرمان هەیە، بە کردنەوەی ئەو مەڵبەندی تەندروستیەوە دابینکردنی ستاف و پێداویستی بۆی کێشەکان هەموی چارەسەر دەبێت.

هاوکات، تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری دەڵێت: لە ناحیەکەدا بنکەیەکەی تەندروستیمان هەیە هەفتەی دوجار کارمەندی تەندروستی دەوام دەکەن، ئەمەش زۆر کەمە بۆ ئێمە.

وتیشی: لە روی دەرمان و پێداویستیش شتێکی وای لێنیە کە برینێکی قوڵ هەبێت بتوانرێت چارەسەر بکرێت، ئەمە جگە لەوەی ساردکەرەوەیەکی باشی لێنیە تاوەکو ئەو دەرمانانە کە هەیە بپارێزێت، لەکاتێکدا نابێت دەرمان لە شوێنی گەرم بێت.

جەختی لەوەشکردەوە: بۆیە لەلایەنی تەندروستی ئەو گرفتانەمان هەیە.

لە بەرامبەردا، د. محەمەد ئازاد عەلی، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەمیان وتی: کێشەی دەرمان پەیوەستە بە تەندەرین و کڕینی دەرمانەوە کە پێشنیارمان کردوە سەڵاحیەتی ٢ساڵمان هەبێت بۆ کڕینی دەرمان و پێداویستی چونکە ١ ساڵ کێشەیە و جاری وا هەیە بە ٦ مانگ رەزامەندی تەندەرین نایەتەوە.

وتیشی: کە دەرمان لە کۆگا هەبێت بۆ کۆی نەخۆشخانە و مەڵبەند و بنکەکانیش دابین دەکرێت، حاڵەتی فریاکەوتنیش لە ٪٢٥ـمان هەیە.

هێمای بۆ ئەوەشکرد: بابەتی پەیوەست بە کارمەندەوە لیژنەیەکمان پێکهێناوە بۆ رێکخستنەوەی میلاکات کە لە هەندێک شوێن کێشەیە لە هەندێک شوێن زیادەیە، بە رێکخستنەوە میلاکات کێشەی کۆی مەڵبەند و بنکەکانیش چارەسەر ئەبێت، هاوکات لیژنەشمان پێکهێناوە بۆ ئەو ناوەندانەی کە کێشەی پێداویستیان هەیە بۆ ئەوەی بۆیان دابین بکرێت.

سەبارەت بەوەی کە لە ناحیەکان لە بری مەڵبەند بنکەی تەندروستی هەیە، د.محەمەد ئازاد، جەختی لەوەشکردەوە: ئەوە دەکەوێتەوە سەر داواکاری بەڕێوبەری ناحیەکان کە ژمارەی دانیشتوانیان زیاد دەکات پێویستە بۆیان بکرێتەوە، بۆنمونە ناحیەی مەیدان کارمان لەسەر ئەوە کردوە مەڵبەندەکەیان کارابکرێت و ستاف و پێداویستیان بۆ دابینبکرێت و پەیوەندیمان لەگەڵ بەڕێوبەری ناحیەکەش هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک بنکەمان هەیە بەپێی رادەی سەردانیکەرانیان بەوشێوەیە نیە بکرێت بە مەڵبەند.

**دیمەنێکی ناحیەی رزگاریی سەر بە قەزای کەلار**



## ٤. پەروەردە

کێشەی نەبونی بینای پێویست و کۆنی بینا و نەبونی پێداویستی یەکێک لە کێشەکانی پەروەردە لە ناحیەکانی گەرمیان ئەمەش بەپێی وتەی دانیشتوانەکانیان.

جەبار حەمە ساڵەح، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی وتی: ناحیەی رزگاریی لە روی بینای قوتابخانەوە خراپە، چونکە ژمارەی دانیشتوانەکەی زۆرە و بینای کەمە، ئەمەش بە جۆرێکە بەشێکی زۆری ناوەندەکان ٢ دەوامی و ٣ دەوامیە و لەگەڵ سیستەمی پەروەردەش یەکناگرێتەوە.

دەشڵێت: ئەمە جگە لەوەی کە هەندێک بیناشمان هەیە کۆنە و لەسەردەمی رژێمی بەعس دروستکراوە و پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، بۆیە پێویستە حکومەت کار لەسەر دروستکردنی بینای نوێ بکات لە ناحیەکەدا.

بەپێی وتەی جەبار، لە روی پێداویستی ناوەندەکانی خوێندنەوە زۆر خراپن ئەمەش بە جۆرێکە لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە هیچ شتێک دابین نەکراوە تەنها ئەوە نەبێت کە لە چەند ساڵی رابردو وەزیری پەروەردە هەندێک کۆرسی دابین کردوە وەک خۆی باسی لێوە دەکات ناوەندەکەی ئەوان لە کۆی نزیکەی ٥٧٠ خوێندکار ٥٠ کورسیان بەرکەوتوە، کە ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر پرۆسەی خوێندن.

هاوکات، محەمەد عومەر حەسەن، دانیشتوی ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: ناحیەی سەرقەڵا لە رابردو قوتابخانەیەکی مۆدێرنمان بۆ دروست کراوە و رێژەی لە ٪٩٠ـی کارەکانی تەواو بوە، بەڵام تاوەکو ئێستا تەواو نەکراوە و نەخراوەتە خزمەتی خوێندکاران و ناحیەکەوە.

باسی لەوەشکرد: بە دابینکردنی ئەو بینایە زۆربەی کێشەکانی بینا چارەسەر دەبێت، بەڵام دیار نیە ئەو بینایە کەی تەواو دەبێت، لەگەڵ ئەوەشدا بینای دیکەمان هەیە و گرفتی ئەوتۆمان نیە ئەوەی هەبێت کۆنی بیناکانە کە پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە.

بەپێچەوانەوە، سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحیەی باوەنور دەڵێت: لە روی بینای پەروەردەوە ناحیەکەمان گرفتی ئەوتۆی نیە و رێژەیەکی باش قوتابخانە بونی هەیە، ئەگەر کێشەیەکی بچوکیش هەبێت لە روی کەموکورتی ناو بیناکانەوەیە و هەندێکیان کۆنن و هەندێکیان شکاون وەک پەنجەرە و پێداویستیەکانی تر.

دەشڵێت: ئەمەش لە زۆرینەی بینای قوتابخانەکانی ناحیەکانی گەرمیان بەگشتی هەیە ئەگەر خەمی لێبخورێت بە ئاسانی چارەسەر دەکرێت.

«لە روی بینای پەروەردەوە کێشەی وامان نیە و بینامان هەیە، هاوکات مامۆستا و پێداویستیش هەیە لەو لایەنەوە خراپ نین».

تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری وا دەڵێت.

لە بەرامبەردا، عەدنان حسێن مەحمود، بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان بە وەکالەت، وتی: ئێمە ساڵانە بەپێی ئەو بودجەیەی کە لە بەردەستمانە نۆژەنکردنەوە ئەنجام ئەدەین بۆ ناوەندەکانی خوێندن، تەنها ساڵی رابردو ٧٠ قوتابخانە نۆژەنکراوەتەوە.

وتیشی: بە بەردەوامیش پلانمان هەیە بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوەندەکان کە پێویستیەتی، بە جۆرێک لە خراپترینیانەوە دەستپێدەکەین، بۆ ئەمساڵیش لە ئیدارەی گەرمیان پلان هەیە نزیکەی ٢٥٠ ملیۆنمان بۆ خەرج بکرێت و بخرێتە خزمەت ناوەندەکان چاوەڕوانی ئەوەین بۆمان خەرج بکەن.

باسی لەوەشکرد: بۆ دابینکردنی پێداویستی بۆ ناوەندەکانی خوێندن ساڵانە وەزارەت کاری لەسەر کردوە بەپێی پێویستی و ئەو بودجەیەی کە هەیە، لەگەڵ ئەوەش پەروەردە داهاتی نیە بەس خەرج ئەکات بۆیە داواکارییەکانمان هەندێکجار دوا ئەکەوێت بۆ جێبەجێکردنی.

لە بارەی ئەو بینای قوتابخانانەی کە راگیراون چارەنوسیان بە کوێ گەشتوە، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان هێمای بۆ ئەوەشکرد: دەستپێکردنەوەی کارکردن لەو بینایانە لەلای حکومەت و بودجەی پێویستە، ئێمە وەکخۆمان کرامان لەسەر کردوە و هەوڵمانداوە دەستپێبکاتەوە دواجار بڕیار لە سەرەوەیە.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی گەرمیان لە سنوری ناحیەکانی گەرمیان بە گوندەکانیانەوە نزیکەی ١٥٣ بینای قوتابخانە و باخچە لە ناحیەکانی گەرمیان هەیە، هاوکات ٢ بیناش بە تەواونەکراوی ماوەتەوە هۆی قەیرانی داراییەوە کارەکانی راگیراوە.

ئەمە لە کاتێکدایە بەپێی زانیارییەکان بۆماوەی ٤ ساڵە هیچ نۆژەنکردنەوەیەکی بینای ناوەندەکانی خوێندن لە ناحیەکان ئەنجام نەدراوە، هاوکات بۆ هەر بینایەکیش ئەگەر ٤ پۆلی بێت ئەوە پێویستی بە ١٥ ملیۆن دینارە بۆ نۆژەنکردنەوە و هەمو بیناکانیش پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە، ئەمەش بەهۆی نەبونی پارەی نەختینە لە بانکدا بەهۆی قەیرانی داراییەوە نەتوانراوە هیچ بڕە پارەیەک تەرخان بکرێت، ئەو بینایانەشی کە نۆژەن کراونەتەوە لە سەنتەری قەزاکانی گەرمیاندایە.

## ٥. ئاوەڕۆ

«بەشێوەیەکی گشتی ئاوەڕۆی ناحیەی رزگاریی باشە، بەڵام لە هەمان کاتدا لە هەندێک گەڕەک کێشە هەیە و ئاوەڕۆیان نیە«. سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی وا دەڵێت.
وتیشی: یەکێکی دیکە لە گرفتەکان ئاوەڕۆی هەندێک لە ناحیەکە سنوقیەکەی تەواو نەبوە بە تایبەت لە خواری رزگاریی بە ئاراستەی ناوچەی پیشەسازی نوێ، کە بۆن و زێرابەکەی هاوڵاتیانی بێزارکردوە و نزیکەی ١٢ ساڵە بەوشێوەیە رۆشتوە و چارەسەر نەکراوە.
باسی لەوەشکرد: ئەمە جگە لەوەی کە یەکەی چارەسەر نیە بۆ دەرەچەکانی ئاوەڕۆی ناحیەکە کە داخڵ ئەبێت بۆنەکەی راستەوخۆ بێزارت ئەکات و کاریگەی هەیە بۆسەر ژینگە و هاوڵاتیانیش.
«ناحیەکەمان لە روی ئاوەرۆوە گرفتی ئەوتۆی نیە تەنها یەک گەڕەکمان نەبێت کە نیەتی ئەویش کاری لەسەر کراوە کە بکرێت». بریار ئەحمەد محەمەد، دانیشتوی ناحیەی باوەنور وای وت.
وتیشی: ساڵانی رابردو لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کە پارە خەرج دەکرا بۆ ناحیەکە و ئاوەڕۆی پێکراوە.
باسی لەوەشکرد: ئەوەی گرفتە لە ئێستادا ئەوەیە یەکەی چارەسەری ئاوەڕۆمان نیە و ئاوەڕۆی ناحیەکەش دورنەخراوەتەوە و بونێکی زۆری دێتەوە سەر هاوڵاتیان کە پێویستە ئەو کێشەیە چارەسەر بکرێت، چەندینجاریش داوامان کردوە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ نەکراوە.
هاوکات، تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەر بە قەزای کفری دەڵێت: وەکو ئاوەڕۆ ناحیەکە ئاوەڕۆی نیە و هەموی بە جۆگەدا ئەڕوات و تێدەپەڕێت، بۆ تەوالێتەکانیشمان چاڵی قوڵمان دروست کردوە.
بەپێچەوانەوە هەندێک لە ناحیەکان گرفتی ئەوتۆی ئاوەرۆیان نیە، وەک محەمەد عومەر حەسەن، دانیشتوی ناحیەی سەرقەڵا دەڵێت: ناحیەی سەرقەڵا لە روی ئاوەرۆوە بێکێشەیە و توانراوە سیستەمێکی گونجاوی بۆ دابنرێت و ساڵانەش پاک دەکرێتەوە.
وتیشی: زۆربەی گەڕەکەکانیش قیرتاوکراون و تەنها یەک گەڕەکمان نەبێت کە گرنگە چارەسەر بکرێت.
لە بەرامبەردا، ئەرسەلان ئەحمەد، سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاریی وتی: ناحیەی رزگاریی ٢ گەڕەکمان ئاوەڕۆی نیە ئەوانیش گەڕەکی سەنگاوییەکان و گەڕەکی شەهیدانە، سەنگاوییەکانی لە ساڵی ٢٠١٤ـەوە ئاوەدان کراوەتەوە و لەو ساڵەشەوە قەیرانی دارایی سەریهەڵدا ئەمەش وایکرد پرۆژەی خزمەتگوزاری لەو گەڕەکە ئەنجام نەدرێت بەتایبەت ئاوەرۆ.
وتیشی: دەرخستەمان بۆ کردوە و لە بودجەی پەرەپێدانی ساڵی ٢٠٢٤ داخڵمان کردوە و پێویستی بە ٨٧٠ ملیۆن دینارە و چاوەڕوان دەکرێت لە ئایندەیەکی نزیکدا بخرێتە تەندەرییەنەوە و کاری لەسەر بکرێت، بەڵام گەڕەکی شەهیدان نوێیە و جارێک ئاوەدان نەبوەتەوە ئەویش پێویستی بە ئاوەڕۆیە بۆی بکرێت، ئەمە جگە لەوەی کە هەندێک گەڕەکمان هەیە بەشێکی بۆی کراوە و بەشێکی بەجێهێڵراوە.
بەپێی وتەی سەرۆکی شارەوانی ناحیەی رزگاریی، یەکێکی دیکە لە کێشەکانی پەیوەست بە ئاوەڕۆوە ئەوەیە کە ٣ دەرەچەی ئاوەڕۆ هەیە لە ناحیەکە کە دور نەخراوەتەوە لە ناحیەکە، کە ئەمەش کێشەی بۆ هاوڵاتیان دروستکردوە و پێویستی بە چارەسەر هەیە و دەبێت هەر یەکێکیان ١ کیلۆمەتر لە ناحیەکە دوربخرێتەوە، نەشتوانراوە یەکەی چارەسەری بۆ دانبرێت، چونکە بودجە پێویستە و بەرچاویشمان رون نیە تاوەکو دەرخستەی بۆ ئامادەبکەین.
«ناحیەی شێخ تەویل تەنها یەک گەڕەکی بچوکی ئاوەڕۆی هەیە لەگەڵ ٢٠ خانویەک کە کراوە، ئەگەرنا هیچی ئاوەڕۆی نیە و لە پرۆژەشدا بۆ ناحیەکە ئەولەویەت ئاوەڕۆیە، بەڵام بۆ ناحیەی باوەنور چەند مانگێکە لەوێم بە وەکالەت مەودای ئەوەم نەبوە لە کێشەکانی ناحیەکە بکۆڵمەوە«. کاوە عەبدولکەریم ، سەرۆکی شارەوانی هەر یەکە لە ناحیەی شێخ تەویل و ناحیەی باوەنور بە بەوەکالەت وای وت.
دەشڵێت: چ ئەوانەی ناحیەی شێخ تەویل و چ ئەوانەی باوەنوریش هەموی کێشەی خەرج نەکردنی بودجە و قەیرانی داراییە کە نەتوانراوە وەکپێویست کاری لەسەر بکرێت.
«لە کۆی ناحیەکانی گەرمیان کێشەی پرۆژەی راگیراوی ئاوەڕۆ و رێگاسازیمان هەیە بەیەکەوە و کە ئاوەڕۆ نەکرێت رێگاسازیش ناکرێت، بەپێی ئەو دەرخستانەی لەبەردەستماندایە بە گوژمەی ٢١ ملیۆن و ١٥٠ هەزار دۆلار پرۆژەی راگیراومان هەیە لە گەرمیان لە ناحیەکاندا». بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان هێمای بۆ ئەوەکرد.
وتیشی: ئەم پرۆژانەش لەسەر بودجەی پترۆدۆلارە و کار لەسەر ئەوە کراوە کە بخرێنەوە سەر وەزارەتمان و لە رێگەی ئیدارەی گەرمیانەوە داوامان لە ئەنجومەنی وەزیران کردوە و بۆ ئەو مەبەستەش لیژنە پێکهێنراوە و چاوەڕوانی ئەوەین کاری لەسەر بکرێت بۆ ئەوەی بودجەی بۆ تەرخان بکرێت.
باسی لەوەشکرد: هاوکات لە کۆی ناحیەکانی گەرمیان ئەو پرۆژانەی کە پێویستن بۆ ئاوەڕۆ کە بکرێت بە گوژمەی ٥٨٠ ملیۆن دینارە کە جێبەجێ بکرێت، بۆیە ئێمەش چاوەڕوانین بودجە تەرخان بکرێت.

### پرۆژە راگیراوەکانی شارەوانی لە ناحیەکانی گەرمیان

| ز | ناوی پرۆژە | گۆمەی پرۆژە/دۆلار | ڕێژەی ئەنجامدراو | جۆری بودجە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | دروستکردنی شۆستە و قیرتاوکردنی بەشی دوەمی گەڕەکەکانی ناحیەی رزگاریی | 4.359.845 | 20٪ | وەبەرهێنانی وەزارەتی شارەوانی |
| 2 | پرۆژەی ڕێگاسازی گەڕەکەکانی ناحیەی رزگاریی | 4.596.565 | 51٪ | وەبەرهێنانی وەزارەتی شارەوانی |
| 3 | پرۆژەی ئاوەڕۆی ڕێگاسازی کۆڵانەکانی باوەنور | 1.180.211 | 50٪ | وەبەرهێنانی وەزارەتی شارەوانی |
| 4 | دروستکردنی شەقامی سەرەکی ناحیەی سەرقەڵا و لێدانی بیری ئاوی خواردنەوە لەگەڵ تۆڕی ئاو بۆ گوندی هەرمۆلی | 668.129 | 25٪ | وەبەرهێنانی وەزارەتی شارەوانی |
| 5 | دروستکردنی جادەی دوسایدی سەرەکی بەشی یەکەمی ناحیەی کۆکس "کولەجۆ" | 13.218.146 | 20٪ | وەبەرهێنانی وەزارەتی شارەوانی |

## ٦. زیادەڕەوی

زیادەڕەوی یەکێکە لە کێشەکانی ناحیەکان، بەرپرسانیش جەخت لەوەدەکەنەوە کە زیادەڕەوی کەمی کردوە.

بڕیار ئەحمەد محەمەد، دانیشتوی ناحیەی باوەنور هێمای بۆ ئەوەکرد: زیادەڕەوی زۆری کراوە لە ناحیەی باوەنور بە جۆرێک ئەگەر هەموی کۆبکرێتەوە لە شوێنە جیاوازەکان گەڕەکێکی تەواو ئەبێت، ئەوەشی کێشەیە زیادەڕەوی هەر بەردەوامی هەیە.

وتیشی: ئەو زیادەڕەویانەی کە کراوە زیاتر لە سەروبەندی هەڵبژاردنەکاندا دەکرێت کە حزبەکان پاڵپشی ئەکەن هەشیانە چاوپۆشیان لێکراوە، هەشە لە ژێر ناوی بەخێوکردنی مەڕومەڵات ئەو زیادەڕەوەییە ئەکات.

باشی لەوەشکرد: ئەمەش لە کاتێکدایە هاوڵاتی وا هەیە زەوی کڕیوە بە ٢ دەفتەر دۆلار ناتوانێت بیکات بە خانو کەچی بۆ ئەوانیی تر کە زیادەڕەوییە ئاساییە.

«بۆ بابەتی زیادەڕەوەی شتێکی ئەوتۆ نیە باس بکرێت، چونکە ئەوەشی کە خانویەک دروست ئەکات بە ئاگاداری بەڕێوبەری ناحیە دەیکات و پێویستیە بۆیە دەکرێت».

تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری وا دەڵێت.

لە بەرامبەردا، کاوە عەبدولکەریم، سەرۆکی شارەوانی هەر یەکە لە ناحیەی شێخ تەویل و ناحیەی باوەنور بە بەوەکالەت وتی: لە ناحیەی شێخ تەویل زیادەڕەوی نیە و هاوکات نەخشەیەکی پەسەندکراویشمان نیە بۆ ئەو بابەتانە، لەگەڵ ئەوەشدا هاوڵاتیان لەوێ سنوریماڵەکانیان بەرفراوانە و نەبوە زیادەڕەوی بکرێت.

وتیشی: لە ناحیەی باوەنوریش پێشتر هەبوە ئەوەیان نازانم، بەڵام لەوەتەی من دەست بەکاربوم بە وەکالەت، هیچ حاڵەتێک تۆمار نەکراوە زیادەڕەوی بێت.

هاوکات، بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان هێمای بۆ ئەوەکرد: بەپێی یاسای ژمارە ٣ی ساڵی ٢٠١٨ کە تایبەت بە نەهێشتنی زیادەڕەوی و کێشەکانی پەیوەست بە زیادەڕەوییە، هۆکار بوە بۆ کەمبونەوەی دیاردەکە، بە جۆرێک لە ساڵی رابردو و ئەمساڵ دۆخەکە زۆر باشترە لە پێشتر.

وتیشی: یەکێک لە کێشەکانی پەیوەست بە زیادەڕەوی ئەوەیە کە دادگایەکی تایبەتمان نیە لە گەرمیان بۆ ئەو مەبەستە و دادوەرێکی دیاریکراو نیە، ئەمە جگە لەوەی کە درەنگ دۆسیەکان بەکلائەبێتەوە لە دادگا، هاوکات یاساکەش هەندێک گرفتی تێدایە کە دەسەڵاتی لە شارەوانی وەرگرتوەتەوە بۆ ئیجرائات کردن لەلای یەکەی ئیدارییە.

جەختی لەوەشکردەوە: ئێمە لیژنەی لابردنی زیادەڕویمان هەیە کە بەردەوام لە کاردان و ئەرکی خۆیان جێبەجێ دەکەن، بەڵام شتێک هەیە لە سەنتەری ناحیەکان و شارەکان زیادەڕەوی نیە، ئەوەی هەیە موحەڕەماتی شارەوانیە کە ئەمەش ئەرکی فەرمانگەی کشتوکاڵە بیپارێزێت، چونکە دواجار زەوی ئەوانە.

لەبەرامبەر ئەوەی باس دەکرێت کە بە پاڵپشتی حزبی زیادەڕەوی ئەنجام دەدرێت، بەرزان کەریم، وتی: ئێمە نەبوین بە بەشێک لەو بابەتە و ئەوەش لێرە و لەوێ هەیە، تەنانەت لە ساڵی ٢٠١٩شەوە نەمانهێشوە بەناوی خانی ئاژەڵانەوە زیادەڕەوی بکرێت، بەڵام ڕێگەمان داوە باخچەیەک دروست بکرێت ئەمەش بە مەبەستی زیاترکردنی ڕێژەی سەوزایی.

## ٧. ڕێگاسازیی

زۆرینەی گەڕەکەکانی ناحیەکان لە گەرمیان کێشەی ڕێگاسازییان، بەرپرسانیش هۆکارەکەی دەبەستنەوە بە قەیرانی داراییەوە.

ڕێبوار عەبدولکەریم، دانیشـتوی ناحیەی ڕزگاریی سـەر بە قەزای کەلار دەڵێت: زۆرینەی گەڕەکەکانی ناحیەی ڕزگاریی ڕێگاسـازی نیـە بەتایبـەت گەڕەکی سـەنگاوییەکان و ڕاپەڕیـن و زۆرینەیان کێشـەی قیرتاوکردنیـان هەیـە و هی واشمان هەیە ١٣ سـاڵە هەر نەکراوە.

هاوکات، بڕیار ئەحمەد، دانیشتوی ناحیەی باوەنور سەر بە قەزای کـەلار هێمـای بۆ ئەوەکـرد: قیرتاوکردنـی گەڕەکەکانی ناحیەکە هەندێک شـوێنی کراوە و بەشێکی نەکراوە، پرۆژەیەکمان هەیە لە ساڵی ٢٠١٣ـەوە کە گەڕەکی ئاشتیە بە نیوەی جێهێڵراوە لەلایەن کۆمپانیاوە بەهۆی قەیرانی داراییەوە و نەتوانراوە تەواو بکرێت.

وتیشـی: ئـەوەی هەیـە تەنهـا ٥ کیلۆمەترە و نەتوانـراوە کاری لەسەربکرێت.

هاوکات، تارق ڕەشـید ڕۆسـتەم، دانیشـتوی ناحیەی ئاوە سـپی سـەربە قـەزای کفری دەڵێت: نێـو خودی ناحیەکـە قیرتاو نیە، بەڵکو تەنها ڕێگەیەک هەیە تاوەکو بەردەم ناحیەکە بە قیر هاتوە و هیچ شوێنێکی ناحیەکە قیرتاو نیە.

لە بەرامبەردا، ئەرسـەلان ئەحمەد، سـەرۆکی شـارەوانی ناحیەی ڕزگاریـی وتی: لە ناحیـەی ڕزگاریی ٢ پرۆژەمـان هەیە ڕاگیراوە کە ئاوەڕۆی تەواو کراوە و ڕێگاسـازی بۆ نەکراوە ئەویش لەلایەن کۆمپانیای ئاسنگەران و سەجایا جێبەجێ دەکرێت و کارەکانیان ڕاگیراوە بەهۆی نەبونی بودجەوە.

باسی لەوەشـکرد: کۆمپانیای ئاسنگەران لە ساڵی ٢٠١٩ نزیکەی ٧ کیلۆمەتـری قیرتاوکردوە هیچ بڕە پارەیەکی بۆ خەرج نەکراوە و پرۆژەکەش ٪٧٠ـی تەواو بوە و پێویسـتی بە ٤ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار هەیە.

دەشڵێت: کۆمپانیای سەجایاش کە ٥ مانگ پێش ئێستا گەڕەکی شاکەلی تەواو کردوە و ڕێگاسازی بۆکرد ئەویش کارەکانی ڕاگیراوە و ٪٦٠ـی کارەکانی پرۆژەکە تەواو بوە و پێویستی بە ٤ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار هەیە.

بەپێی وتەی سـەرۆکی شـارەوانی ناحیەی ڕزگاریی، ئەم پرۆژانە لەسەر بودجەی پترۆدۆلارە و ئەو بودجەیەش ڕاگیراوە، لە ئێستادا کار لەسـەر ئەوەکراوە ئەم پرۆژانە بخرێنەوە سەر وەزارەتەکان و نوسراویش بۆ ئەنجومەنی وەزیران کراوە بۆ ئەو مەبەستە تاوەکو دۆسـیەکانیان بگەڕێتەوە بۆیە لە ئێستادا بەرچاوڕونی نیە بۆ ئەو بابەتە ئەو پرۆژانە ئەگەڕێتەوە یان نا.

جەختـی لەوەشـکردەوە: ناحیەی ڕزگاریی خـۆی لە ١٧ گەڕەک دەبینێتەوە تەنها ٣ گەڕەکی ڕێگاسـازی بۆ کراوە و ئەوەکانی تر هەموی پێویستی بە ڕێگاسازییە.

«ئـەو گەڕەکانـەی ناحیەی باوەنور کە نەتوانراوە ڕێگاسـازی بۆ بکرێـت هی سـاڵی ٢٠٢٢ـە و هۆکارەکەی نەبونـی بودجەیە کە کارەکانی وەستاوە و نەتوانراوە تەواو بکرێت». کاوە عەبدولکەریم، سـەرۆکی شـارەوانی هەر یەکە لە ناحیەی شێخ تەویل و ناحیەی باوەنور بە بەوەکالەت وای وت.

وتیشی: بۆ ناحیەی شێخە تەویلیش بە هەمانشێوەیە کە قەیرانی دارایـی زۆر کاری ڕاگرتویـن، هـەر کاتێکیش ئـاوەڕۆی ناحیەکە کرا ئەوە ڕاسـتەوخۆ دەسـتەدەکرێت بە ڕێگاسـازیی گەڕەکەکان، ئەگەرچی لە ئێسـتادا پرۆژەیەکی ڕێگاسـازی هەیـە بۆ ناحیەکە دو جـار جاڕدانی بۆکراوە هیچ کۆمپانیایـەک وەریناگرێت بەهۆی ئەوەی بودجەکەی کەمە و ڕاسـتەوخۆ خۆمان جێبەجێی دەکەین و چاوەڕوانی خەرجکردنی بودجەین بۆی.

«لـە کۆی ناحیەکانی گەرمیان کێشـەی پرۆژەی ڕاگیراوی ئاوەڕۆ و ڕێگاسـازیمان هەیە بەیەکەوە و کە ئاوەڕۆ نەکرێت ڕێگاسـازیش ناکرێت، بەپێی ئەو دەرخسـتانەی لەبەردەسـتماندایە بە گوژمەی ٢١ ملیۆن و ١٥٠ هەزار دۆلار پرۆژەی ڕاگیراومان هەیە لە گەرمیان لە ناحیەکاندا». بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان وای وت.

وتیشـی: ئەم پرۆژانەش لەسەر بودجەی پترۆدۆلارە و کار لەسەر ئەوە کراوە کە بخرێنەوە سـەر وەزارەتمـان و لە ڕێگەی ئیدارەی گەرمیانـەوە داوامـان لـە ئەنجومەنـی وەزیران کـردوە و بۆ ئەو مەبەسـتەش لیژنە پێکهێنراوە و چاوەڕوانی ئەوەین کاری لەسـەر بکرێت بۆ ئەوەی بودجەی بۆ تەرخان بکرێت.

باسی لەوەشـکرد: هاوکات ڕێگاسـازیی ناحیەکانیش بە گوژمەی ٣ ملیـار و ٢٢٥ ملیـۆن دینارە کە جێبەجێ بکرێت، بۆیە ئێمەش چاوەڕوانین بودجە تەرخان بکرێت.

**دیمەنێکی ناحیەی سەرقەڵای سەر بە قەزای کفری**



## ٨. وەبەرهێنان

«ناحیەکەمان لە ڕوی وەبەرهێنانەوە وێرانەیە، بە جۆرێکە هیچ پرۆژەیەکی نە بازرگانی نە نیشتەجێبون و نە پیشەسازی تێدا ئەنجام نەدراوە« . ئاکۆ حەمید، دانیشتوی ناحیەی باوەنوری سەر بە قەزای کەلار وای وت.

وتیشی: پێشتر پرۆژەیەک هەبوە ٥٠٠ یەکەی نیشتەجێبون بو کە بڕیاربو لە ناحیەکە دروست بکرێت، بەڵام دواتر ٤٠٠ دانەیان هێناوە بۆ کەلار و بەنرخی کەلار فرۆشراوە، ئەمەش بە پاساوی ئەوەی کە زەوی لە ناحیەکەدا نیە کە خۆی لە بنەڕەتدا بەوشێوەیە نەبوە، هۆکارەکەشی زیاتر ئەوەبوە کە خانویەک خۆی بە ٢ دەفتەر دۆلار ئەکرێت لە ناحیەکە ئەگەر وەبەرهێنان بیکات بە ٤ دەفتەریش نایداتەوە بە خەڵکی ئەمەش وایکرد خواستی لەسەر نەبێت.

دەشڵێت: جگە لەوەش پرۆژەی پیشەسازی و بازرگانیش نەکراوە لە ناحیەکەدا تاوەکو هەلی کار و بوژانەوەیەک بدات بە ناوچەکە، بۆیە پێویستە حکومەت کار ئاسانی بکات لە پێدانی زەوی و کەمکردنەوەی باج و ڕسومات لەسەر وەبەرهێنان و پەلکێشکردنی وەبەرهێن بۆ ناوچەکە.

ئەمەش لە کاتێکدایە بەپێی دواین داتا ژمارەی دانیشتوانی ناحیەی باوەنور خۆی لە ٨ هەزار و ٢٠٠ کەسدا دەبینێتەوە.

ناحیەی ڕزگاریی دیارترینی ئەو ناحیانەیە کە پرۆژەی وەبەرهێنانی تێداکراوە.

ڕێبوار عەبدولکەریم، دانیشتوی ناحیەی ڕزگاریی باس لەوە دەکات: لە ناحیەی ڕزگاریی هەندێک پرۆژەی نیشتەجێبون کراوە وەک قەڵای شێروانە و شاری شکۆ و نۆژەن ستی و هەندێکی تر ئەمەش وەک پێویست نەبوە و لە بەرژەوەندی هاوڵاتیانی هەژار نەبوە، چونکە دیارە چەندین کێشە و گرفتی تیایە.

وتیشی: لە ڕوی پرۆژەی بازرگانی و پیشەسازییەوە لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە ئەوەش شتێکی وانەکراوە جێگەی دڵخۆشی بێت و هەنگاوێکی وا نەنراوە بتوانرێت ناحیەکە بباتە پێشەوە بەتایبەت لە ڕوی بازرگانیەوە سفرە، تەنانەت گەشتوەتە قۆناغێک پێشی پرۆژەکان ئەیکەن بە بازرگانی و ئەیفرۆشنەوە بۆ خۆیان لە کاتێکدا پرۆژە گرنگە بکرێت، بەڵام نەبێت بە هەرکەس و بۆخۆی. هێمای بۆ ئەوەشکرد: ئەو زەویانەشی کە تەرخان کراوە بۆ وەبەرهێن بە بێ بەرامبەر دراوە، لە کاتێکدا دەبو کۆمەڵێک خزمەتگوزاری پێشکەش بە ناحیەکە بکرێت کەچی ئەوەش نەکراوە.

جەختی لەوەشکردەوە: ئێمە پێمان وایە ناحیەکە پشتگوێخستنێکی پێوە دیارە نازانین چیە ئایە بەرپرسەکانیەتی یان چیە، ئەوترێت ناحیەکە سزا دەدرێت ناشزانین کێیە سزای ئەدات.

«لە ناحیەکەی ئێمەش هیچ پرۆژەیەکی وەبەرهێنان نیە و هیچ هەنگاوێکی بۆ نەنراوە« . تارق ڕەشید ڕۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری وادەڵێت.

هەورامان جەلال، دانیشتوی ناحیەی سەرقەڵا باس لەوە دەکات: لە ناحیەی سەرقەڵا پرۆژەیەکی ئەوتۆی وەبەرهێنان نیە لە ڕوی نیشتەجێبونەوە، هۆکارەکەشی کەمی ژمارەی دانیشتوانەکەیەتی. دەشڵێت: لە ڕوی بازرگانیشەوە پرۆژەیەکی وەبەرهێنان هەیە ئەویش کارگەی بەرهەمهێنانی شیشە و نزیکەی ساڵێکە دەستی بە کار کردوە و هەلی کاری باشی ڕەخساندوە و بوژانەوەیەکی داوە بە ناحیەکە.

بەپێی وتەی هەورامان، ناحیەکە پێویستی زۆری بە پرۆژەیە لە ڕوی وەبەرهێنانەوە بەتایبەت بازرگانی، بۆیە گرنگە کاری لەسەر بکرێت و دەستی وەبەرهێن ڕابکێشرێتە ناحیەکەوە.

لە بەرامبەردا، هونەر مەحمود، بەڕێوبەری گشتی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنانی گەرمیان باس لەوە دەکات: پلان و بەرنامەی ئێمە بۆ ناحیەکانی سنوری گەرمیان ئەوەیە کە بتوانین زۆرترین پرۆژە ئەنجام بدەین لە ڕێگەی وەبەرهێنانەوە چ لە پیشەسازی یان بازرگانی یان نیشتەجێبون و گەشتیاریش.

وتیشی: ئەمەش بەشێوەیەکە بە نوسراوی فەرمی داوامان لە دەستەی وەبەرهێنان کردوە وەک هاندانێک بۆ وەبەرهێن و کۆمپانیاکان بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لە ناحیەکان کۆمەڵێک بەخشینیان بداتێ کە لە یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ٢٠٠٦ی وەبەرهێنانیشدا هاتوە.

بەپێی وتەی بەڕێوبەری گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان، داوایان کردوە لەو پابەندیانەی کە هەیە وەک لە ١٪ی کۆی گوژمەی پرۆژە بگەڕێتەوە بۆ حکومەت وەک داهاتێک ئەوەمان لابردوە، هاوکات بەراوردێک بکرێت لە نێوان ناحیەکان و سەنتەری قەزاکان وەک کەلار ڕوی قەبارەی پرۆژەوە بە جۆرێک کە پێشتر سەروی یەک ملیۆن دۆلار بوە ئێستا کردومانە بە ٥٠٠ هەزار دۆلار، لەگەڵ ئەوەش بۆ بابەتی تۆمارکردن زەمانەتێک بکرێت بۆ وەبەرهێن و پرۆژەکە تۆمار بکات، بۆ ئەمە ڕەزامەندی ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی دەستەی وەبەرهێنان وەرگیراوە و گشتاندنی بۆ کراوە بۆ لایەنەکان، ئەمەش بە ئامانجی ئەنجامدانی زیاتری پرۆژە لە ناحیەکان.

جەختی لەوەشکردەوە: ئەوەی تاوەکو ئێستا هاتوە وەک داواکاریی لە ناحیەی ڕزگاریی و سەرقەڵا و باوەنور بوە کە خۆی لە نیشتەجێبون و بازرگانی و پیشەسازی دەبینێتەوە، بۆ نمونە لە ناحیەی ڕزگاریی لە ئێستادا ٤ پرۆژەی نیشتەجێبون هەیە ١ دانەی تەواو بوە ٣ دانەی لە کاردایە بە ڕێژەی جیاواز، بەڵام لە ناحیەکانی تر ئەو داواکارییانە نیە.

بەپێی داتایەکی بەڕێوبەرایەتی وەبەرهێنان لە ساڵی ٢٠٢٤ توانراوە تەنها ٢ پرۆژەی پیشەسازی لە گەرمیان ئەنجام بدرێت، بەڵام لە ماوەی ٤ مانگی ئەمساڵدا ١٠ پرۆژەی پیشەسازی لە ناوچەی پیشەسازی ناحیەی ڕزگاریی جێبەجێکراوە، بەجۆرێک بەشێکیان مۆڵەتیان وەرگرتوە بەشەکەی تریان لە ڕێکاری وەرگرتنی مۆڵەتدان.

هونەر مەحمود، وتی: بۆ ناحیەی سەرقەڵا و باوەنور و ناحیەکانی تریش هەمان بەرنامە جێبەجێ دەکرێت، بۆ نمونە لە ناحیەی سەرقەڵا پرۆژەی کارگەی قەیوان ستیل هەیە بۆ بەرهەمهێنانی شیش و بەرهەمیشی هەیە، لە ناحیەی باوەنوریش کۆمەڵێک داواکاری هەیە بۆ پرۆژەی بازرگانی ئەوەیش لە ڕێکاری وەرگرتنی مۆڵەتدایە.

جەختی لەوەشکردەوە: داواکارییەکانی زیاتر لە ناحیەی ڕزگارین وەک لە ناحیەکانی تر، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە ئەو ناوچانە کە پرۆژەی تێدا دەکرێت لەسەر کەڵکی ئابورییەکەی بڕیاری لەسەر دەدرێت، ئەمە یەکێکە لە هۆکارەکان کە وایکردوە لە ناحیەکانی تر وەکپێویست داواکاری نەبێت، بۆنمونە بەهۆی نەبونی خواست لە ڕابردودا ٤٠٠ خانو لە ناحیەی باوەنورەوە هێنراوەتە قەزای کەلار، بەڵام ناحیەی باوەنور لە ڕوی گەشتیارییەوە دەتوانرێت کەڵکی لێوەربگیرێت، چونکە بە تەنیشتی ڕوباری سیروانەوەیە، ئەمەش دەکەوێتەوە سەر ئەوەی تاچەند داواکاری هەیە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە.



**دیمەنێکی ناحیەی باوەنوری سەر بە قەزای کەلار**

## ٩. گواستنەوە

یەکێکی دیکە لە کێشەکانی ناحیەکانی گەرمیان هێڵی گواستنەوەیە کە بەشێکی زۆریان نیانە، وەک هاوڵاتیان باسی لێوەدەکەن ناچارن ئۆتۆمبێلی تایبەت بەکاربهێنن، بەڕێوبەرایەتی گواستنەوەی گەرمیانیش دەڵێت: حکومەت رایگرتوە.

سۆران حسێن، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی دەڵێت: لە ناحیەکەی ئێمە تێرمینالْ کراوە، بەڵام هیچ یەکێک لە مینی پاسەکان پێوەی پابەندنابن و تەنها لەسەر جادەکان ئەمێننەوە، لە کاتێکدا ئەمەش کێشەیە و لە شوێنێک ناوەستن تاوەکو هاوڵاتیان برۆنە ئەو شوێنە، بەڵکو ئەسوڕێنەوە، ئەمەش بە جۆرێکە جاری وا هەیە ٣٠ خولەک ئەوەستی تاوەکو پاسێک دێت.

وتیشی: ئەمە جگە لەوەی کە کێشەی فێنکەرەوەمان هەیە هاوینان نایکەنەوە لە کاتێکدا کرێ لەسەر هاوڵاتیان زیادکرا بۆ ١ هەزار دینار بۆ ئەوەی فێنکەرەوە بکرێتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش هیچ لێپێچینەوەیەک نیە.

جەختی لەوەشکردەوە: پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم کێشەیە چارەسەربکەن و کاری لەسەر بکەن، چونکە تەنها هاوڵاتی زیانمەندە.

لەبارەی بونی تەکسی لە ناحیەکە، ناوبراو ئاماژەی بەوەشدا، چەن تەکسیەکی کەم هەیە و زۆر نیە جاری وا هەیە کاری بەپەلە دێتە پێشەوە تەکسیەک نیە بتگەیەنێت.

هاوکات، هەورامان جەلال، دانیشتوی ناحیەی سەرقەڵا باس لەوە دەکات: ناحیەکە کێشەی گواستنەوەی هەیە بۆ ناحیەکان و قەزاکانی تری گەرمیان، ئەوەی هەیە هەموی ئۆتۆمبێلی خۆی بەکار ئەهێنێت.

وتیشی: ئەگەرچی کۆمەڵێک ئۆتۆمبێلی تایبەت هەن کاری گواستنەوە ئەکەن ئەویش تەنها بۆ کەلار بۆ قەزا و ناحیەکانی تر نیە. جەختی لەوەشکردەوە، پێویستە چارەسەرێک بگیرێتە بەر بۆ ئەم گرفتە و پێویستە هێڵی گواستنەوە دابنرێت.

«لە نێو ناحیەکەدا کێشەی گواستنەوەمان هەیە بۆ ناحیە و قەزاکانی تری گەرمیان پاسێک نیە رۆژانە هاتوچۆبکەین، ئەوەی هەیە هاوڵاتیان ئۆتۆمبێلی خۆیان بەکاردەهێنن، ئەمە یەکێکە لە کێشەکانی ئێمە«. تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری وا دەڵێت.

بڕیار ئەحمەد، دانیشتوی ناحیەی باوەنور هێمای بۆ ئەوەکرد: بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکەمان تاوەکو ئێستا تێرمینالمان نیە کە ئەمە یەکێکە لە کێشە گەورەکانی ئێمە کە هاوڵاتیان ناچارن ئۆتۆمبێلی تایبەت بەکاربهێنن کە بیانەوێت برۆنە قەزا و ناحیەکانی تری گەرمیان.

وتیشی: ئەگەر تێرمینالێکی بچوکیش بێت گرنگە هەبێت، چونکە کارئاسانی زۆر دەکات بۆ هاوڵاتیان لە بری ئەوەی لە سەر جادە بوەستن یاخود دەست لە ئۆتۆمبێلی دیکە بگرن ئەوە دەچنە ئەو تێرمیناڵە بە بێ کێشە.

باسی لەوەشکرد: تەکسیش نیە لە ناحیەکەدا تاوەکو کارێکی بە پەلە هەبێت بتوانین فریا بکەوین، بۆیە گرنگی کار لەسەر ئەم بابەتە بکرێت.

لە بەرامبەردا، ئیدریس مستەفا، بەڕێوبەری بەڕێوبەرایەتی گواستنەوەی گەرمیان وتی: لە ناحیەکانی رزگاریی و باوەنور ئۆتۆمبێلی گواستنەوە هەیە و کێشەمان نیە، بەڵام لە ناحیەی سەرقەڵا داواکاری نەبوە کاتی خۆی کە ئۆتۆمبێلی هێڵی بۆ دابنرێت، لە ساڵی ٢٠١١شەوە تاوەکو ئێستا هیچ ئۆتۆمبێلێک داخڵ بە هێڵەکان نەکراوە.

وتیشی: بۆ ناحیەکانی تری گەرمیانیش بەهۆی ئەوەی دانیشتوانەکانی پێویستیان بە ئۆتۆمبێلی مینی پاس و تەکسی نەبوە، خەتیان نەبوە و خەڵکەکەی خۆی هاتوچۆ دەکات بە ئۆتۆمبیل تایبەتی خۆی، لەگەڵ ئەوەشدا لە ساڵی ٢٠٢١هوە بە فەرمانێکی وەزارەتمان هیچ هێڵێک نەدراوە، بەڵام هەر پلانی خۆمان ئەبێت بەپێی بونی داواکاری و خواست.

لەبارەی نەبونی تێرمینالْ لە ناحیەکانی رزگاریی و باوەنور هۆکارەکەی چیە، بەڕێوبەری گواستنەوەی گەرمیان دەڵێت: لە ناحیەی رزگاریی تێرمینالی هەیە و کاتی خۆی لەسەر بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان کراوە کاتێک ئێمە ئاگاداربوین کرابو، زۆر کارمان لەسەری کرد کە هێڵەکان برۆنە ئەوێ نەڕۆشتن، هۆکاری ئەمەش ئەوەیە جوگرافی ناحیەی رزگاریی بە ئاراستەی پانیە و لە هەرشوێنێک تێرمینالْ بکرێت سەرکەوتو نابێت بۆیە پاسەکان دەسوڕێنەوە و ٥ خولەک جارێک سەیارەیەکیان دەردەچێت، ئەمە بۆ ناحیەی باوەنوریش هەر راستە، چونکە شوێنەکەی بەو شێوەیە نیە و ئەوەی هەیە سەر جادەکەیە ئەوە هەڵناگرێت تێرمینالی تێدا دروست بکەی.

جەختی لەوەشکردەوە: لەبارەی ساردکەرەوە گلەی و گازندە هەیە، بەڵام سکاڵا نییە تاوەکو ئێمە کاری لەسەر بکەین.

## ١٠. سەوزایی

«سەبارەت بە ڕێژەی سەوزای لە ئێستادا ناحیەکە بەرەوپێشچونی بە خۆیەوە بینیوە، بەڵام هێشتا بەس نیە و پێویستی بە زیادکردن هەیـە، بەتایبەت لە دروسـتکردنی باخچە و زیاتـر فراوانترکردنی پانتاییەکەی بەتایبەت دروستکردنی پارکێکی خێزانی». سەریاس سەمین، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی وادەڵێت.

تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری دەڵێت: کێشـەی نەبونی سـەوزایی لە ناحیەکە هاوشێوەی کێشـەکانی تـرە، بە جۆرێـک لەبـەردەم ناحیەکـە هەندێک دار چێنرابون ئەوەش بەهۆی نەبونی خزمەتەوە فەوتان.

وتیشـی: نـە باخچەیەک نە پارکێـک لە نێو باخچەکـە نابینیت، ئەوەی هەیەماڵەکان خۆیان داریان رواندوە و هەندێک سـەوزایی دەبینرێت.

«ناحیەکـەی ئێمـە تاوەکـو ئێسـتا پارکێکی گـەورەی خێزانی گونجاومان نیە خەڵکی تێدا بحەسـێتەوە، ئەو باخچە بچوکانەشی کـە هەیە ڕێژەی سـەوزایی تێدانیـە و زۆر گرفتـی هەیە لە روی خزمەتگوزارییەوە تا ئاستی سفرە«. سەیوان مەحمود، دانیشتوی ناحیەی باوەنور وا دەڵێت.

وتیشی: لە ناحیەی باوەنور ڕێژەی سەوزایی کەمە و بەرپرسانیش نەیانتوانیوە هەوڵی جدی بۆ بدەن.

پێچەوانـەی ناحیەکانـی تر ناحیەی سـەرقەڵا یەکێکـە لە ناحیە سـەوزەکانی گەرمیان، وەک هەورامان جەلال، دانیشتوی ناحیەی سـەرقەڵا باس لەوە دەکات: ناحیەی سـەرقەڵا لە روی سـەوزایی و باخچـەوە یەکێکە لە ناحیە سـەوزەکان و نزیکەی ١١ باخچە و پارکی لێیە، بەڵام ئەمانە وەکپێویسـت خزمەتی نیە و نەتوانراوە سودی لێببینرێت لەلایەن هاوڵاتیانەوە.

هێمای بۆ ئەوەشـکرد: پێویسـتە کاری زیاتری لەسـەر بکرێت و گرنگـی زیاتـری پێبدرێت و بکرێت بە شـوێنێکی گەشـتیاری بۆ ئـەوەی هاوڵاتیان نە لـە ناحیەکە لە دەرەوەی ناحیەکەش بتوانن سودی لێببینن.

لـە بەرامبەردا، ئەرسـەلا ئەحمەد، سـەرۆکی شـارەوانی ناحیەی رزگاریـی وتـی: بەشـی باخچەکانمـان بـەردەوام لـە کاردان بۆ پاراسـتنی ڕێژەی سـەوزایی ناحیەکە، بەڵام لە سـاڵی رابردوەوە بڕیارمانداوە کە ڕێژەی سـەوزایی زیاد نەکەین، چونکە پێویسـتی بە دەسـتی کار و پێداویسـتی هەیە، بۆیە زیاتر ئەو ڕێژەیەی کە هەیە دەیپارێزین وەک لەوەی زیادی بکەین.

وتیشـی: ڕێـژەی سـەوزای ناحیەکـە لـە ئێسـتادا لە ٪١١ـە، بودجەشـمان نیە بۆ دروستکردنی پارک و باخچە تاوەکو بتوانین ئەو ڕێژەیە زیاتر بکەین، کە بودجە هەبو دەتوانین زۆر کاری باش و جوان بکەین.

بەپێی ئامارێکی بەڕێوبەرایەتی گشـتی شـارەوانیەکانی گەرمیان، ڕێژەی سەوزایی لە ناحیەکانی گەرمیان بە کۆی گشتی ٪٤,٦ـە.

«ڕێژەی سەوزای لە ناحیەی شێخ تەویل نەگەشتوەتە ٪١، ئەمەش بـە هۆکاری ئەوەی لە ٪٩٠ـی دانیشـتوانی ناحیەکە سـەرقاڵی ئاژەڵدارین ئەمەش کێشەی بۆ دروستکردوین و سەوزاییەکان لەناو ئەچـن و پێویستیشـیان بە پاراسـتن هەیە و ستافیشـمان وەک پێویسـت نیە«. کاوە عەبدولکەریم، سەرۆکی شارەوانی هەریەکە لە ناحیەی شێخ تەویل و ناحیەی باوەنور بە بەوەکالەت وای وت.

وتیشی: بەڵام بۆ ناحیەی باوەنور دۆخەکە جیاوازترە، لە سەرەتای داخڵبون تاوەکو دەرچونی باوەنور شـوێنێک نەماوەتەوە نەمامی لـێ بروێنی، ئەوەی هەیە ناوبەینی گەڕەکەکانە کە پێویسـتی بە زیادکردنـی ڕێژەکە هەیە، ئەگەرچی لە ئێسـتادا ئەولەویەت زیاتر بۆ پرۆژەی خزمەتگوزارییە وەک ڕێژەی سەوزایی.

ناوبراو ئاماژەی بەوەشـکرد: لە پلانماندایە کە ڕێژەی سـەوزایش زیاتـر بکەین و داوامان لە بەڕێوبەرایەتی گشـتی شـارەوانیەکانی گەرمیان کـردوە نەماممان بۆ دابین بکەن، چاوەڕوانی ئەوانین بۆ هەردو ناحیەکە بۆ ئەوەی کاری لەسەر بکەین.

هاوکات، بەرزان کەریم، بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان هێمـای بـۆ ئەوەکـرد: لە نـاو کـۆی شـارەوانیەکانی ناحیەکان ڕێژەی سـەوزایی بەرەو زیادبون رۆشـتوە کـەم نەبوەتەوە، بەڵام وەکپێویستیش نیە، تەنانەت داواشمان کردوە لە کۆی سەرۆکایەتی شـارەوانیەکان کـە پلانـی خۆیان بنێـرن بۆ بابەتـی زیادکردنی سەوزایی.

وتیشی: زۆربەی شارەوانی ناحیەکان گرفتی کارمەند و پێداویستی و بودجەیـان هەیە لەو روەوە سـنوردارن، ئەگەرچی لە ئێسـتادا گەرمیان بوە بە ٢ زۆنەوە و ئەرکی ئاودانی باخچەکان و سەوزایی لـە گەرمیان کە زۆنی دو ناحیەکان ئەگرێتەوە بەتایبەت دراوە بە کۆمپانیا لە مانگی ٣ـی ئەمساڵەوە دەست بەکاربون و بۆ ماوەی ٣ ساڵە.

بەڕێوبەری گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان جەخت لەوە دەکاتەوە: ئەگەر بمانەوێت ڕێژەی سەوزایی زیاتر بکرێت، پێویستە نەسرییەی مانگانەی شـارەوانیەکان زیاتر بکرێـت، بۆنمونە ناحیەیەکی وەک رزگاریی پێویسـتە نەسـرییەکەی ٣٠ ملیۆن دینار بێت کەچی ١٠ ملیۆن دینارە، بۆیە بونی بودجە گرنگە، ئەگەرچی نەوەستاوین و پلانی خۆشمان هەیە بۆ زیاترکردنی سەوزایی.

ئاماری بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی گەرمیان بۆ دروستکردنی باخچە و ناشتنی نەمام لە ساڵی ٢٠٢٤

| ژ | شارەوانی ناحیەکان | نەمامی چێنراو | باخچە لەگەڵ دورگە |
|---|---|---|---|
| 1 | شارەوانی رزگاری | 2460 | 1 باخچە |
| 2 | شارەوانی باوەنور | 75 | ــــ |
| 3 | شارەوانی سەرقەڵا | 350 | ــــ |
| 4 | شارەوانی سالح ئاغا | 300 | ــــ |
| 5 | شارەوانی گردەگۆزینە | 130 | ــــ |
| 6 | شارەوانی مەیدان | 150 | ــــ |
| 7 | شارەوانی جەبارە | 500 | ــــ |
| 8 | شارەوانی نەوجول | 100 | ــــ |
| 9 | شارەوانی شێخ تەویل | ---- | ــــ |
| 10 | شارەوانی کۆکس | ---- | ــــ |
| 11 | شارەوانی نەفتخانە | ــــ | ــــ |

## ١١. گەشتیاریی

هەندێک لە دانیشتوانی ناحیەکانی گەرمیان باس لەوەدەکەن سەرباری بونی هەڵکەوتی جوگرافی ناوچەکەیان بۆ گەشتیاری، بەڵام وەکپێویست گرنگی پێنەدراوە، بەڕێوبەری گەشتوگوزاری گەرمیانیش وەڵام دەداتەوە.

ئاکۆ حەمید، دانیشتوی ناحیەی باوەنور باس لەوە دەکات: ناحیەی باوەنور هەڵکەوتەی جوگرافییەکەی بەشێوەیەکە و لە روباری سیروانەوە نزیکە بۆ گەشتیاری زۆر گونجاوە، بەڵام وەکپێویست کاری لەسەر نەکراوە.

وتیشی: ئێمە بەنداوی باوەنورمان هەیە ئەگەر کاری لەسەر بکرێت و تەواو بکرێت کە ٢٠ ملیاری بۆ تەرخان کراوە لەمساڵدا، ئەوە زەوییەکی زۆرمان هەیە بە دەوری بەنداوەکەدا دەکرێت سودی لێببینرێت بۆ گەشتیاری و ناحیەکە دەباتە قۆناغێکی ترەوە و دەبێتە ناوەندێکی باشی گەشتیاری و بازاڕی ناحیەکەش ئەبوژێنێتەوە.

هاوکات، تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری دەڵێت: ئێمە بەنداوێکمان هەیە نەتوانراوە تاوەکو ئێستا سودی لێببینرێت لە کاتێکدا دەکرێت بکرێتە شوێنێکی گەشتیاری، کەچی تاوەکو ئێستا رێگا و کارەبای پێنەگەیەندراوە.

لەبەرامبەردا، هێرش فەیزوڵڵا، بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان دەڵێت: لە روی گەشتیارییەوە بەتایبەت ناحیەی باوەنور ئیشمان لەسەر کردوە، تەنانەت ٢ پرۆژە کە کەپری گەشتیارین، لە ئێستا مۆڵەتیان وەرگرتوە و کاردەکەن.

وتیشی: هەندێک پرۆژەی دیکەمان هەیە لە رێکاری وەرگرتنی مۆڵەتدایە بەتایبەت ٢ پرۆژەمان لە عیساییە سەر بەو ناحیەیە پرۆژەی گەورەن لە سەر روبەری ٣٦ دۆنم و ١٦ دۆنمە.

جەختی لەوەشکردەوە: هەڵکەوتەی جوگرافی ناحیەی باوەنور بەشێوەیەکە گونجاوە بۆ گەشتیاری و کاریشمان لەسەر کردوە تەنانەت پرۆژەشمان هەیە و سەرکەوتوش بوە، لەگەڵ ئەوەشدا زەویمان زۆرە هەر وەبەرهێنێک بیەوێت پرۆژە ئەنجام بدات کارئاسانی بۆ دەکرێت هەر کەسیش زەویەکەی هی خۆشی بێت مۆڵەتی پێدەدەین، چونکە حکومەت ناتوانێت پرۆژە بکات.

بەپێی وتەی بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزاری گەرمیان هەندێک لە ناحیەکان ناتوانرێت پرۆژەی تێدا ئەنجام بدرێت، بەتایبەت ئاوەسپی، چونکە دورە دەستە و گونجاونیە، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ کەسێک داواکاری نەکردوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژە لەو ناوچەیە.

## ١٢. بەرگری شارستانی

«ناحیەکـە بنکەیەکـی ئاگرکوژێنەوەی تێدا نیە بتوانین سـودی لێببینیـن لـە حاڵەتێکـی ئاگرکەوتنـەوە، بەجۆرێکـە تاوەکـو ئۆتۆمبێلـی ئاگرکوژێنەوە بێتـە لای ئێمە لە قەزای کفریەوە ئەوە هەمو ناحیەکە وێران ئەبێت». تارق رەشـید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفری وا دەڵێت.
لەبەرامبـەردا ئیبراهیم محەمەد، وتەبێـژی بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارسـتانی گەرمیان وتی: لە کۆی ناحیەکانی سـنوری گەرمیان بنکەی بەرگری شارسـتانی هەیە تەنها ناحیەی ئاوە سپی نەبێت، ئەمـەش بـە هۆکاری ئـەوەی کە سسـتیەک هەبو لـە بابەتەکە، ئەگەرنا سـتاف و ئۆتۆمبێلیشی هەیە، لە هەر کاتێکدا بەڕێوبەری ناحیە داوا بکات ئێمە ئامادەین بۆ کردنەوەی بنکەکە.

## ١٣. وەرزش

«لـە روی وەرزشـەوە ناحیەکـە تاڕادەیەک باشـە و یاریگایەکی گەورەمـان هەیـە لە چەند سـاڵی رابـردو تەواو کـراوە و نۆژەن کراوەتـەوە کـە بەهۆی قەیرانـی داراییـەوە راگیرابـو ئەگەرچی زۆر سـتاندارد نیـە، بـەڵام بـە جۆرێکە سـاڵانە چەندیـن خولی تێـدا ئەکرێتەوە لەسـەر ئاسـتی گەرمیـان و وەرزش لە ناحیەکە جوڵەیەکی تیایە و باشـە». هەورامان جەلال، دانیشتوی ناحیەی سەرقەڵا وای وت.
وتیشـی: یاریگایەکـی تارتانمان هەیە ئـەوەش کارمەندێکی هەبو خزمەتـی ئەکـرد و درایەوە بە موزایەدە لە نێوان چەند کەسـێک بەهـۆی بونی کێشـە لە ئێسـتادا داخراوە و یاری تیـادا ناکرێت، تەنانەت کەرەسـتە و پێداویستیەکانیشـی بەشـێکی لەناوچوە و بەکەڵکی یاریکردن نایە.
بەپێی وتەی هەورامان، جگە لە وەرزشی تۆپی پێ هیچ وەرزشێکی دیکـە لە ناحیەکە گرنگی پێنەدراوە لە کاتێکدا پێویسـتە گرنگی پێبدرێت بەتایبەت بۆ ژنان، هاوکات هیچ هۆڵێکی لەشجوانیشمان نیە سودی لێببینین ئەوەش پێشتر هەبو ئێستا نەماوە.
هاوکات، سەریاس سەمین، دانیشتوی ناحیەی رزگاریی باس لەوە دەکات: ناحیەکـە لە روی وەرزشـەوە گرنگی ئەوتۆی پێنەدراوە، ناحیەکـەش تەنهای یـەک یاریگای تیایە کە هـی تیپە میلیەکانە ئەمـەش وایکردوە خولە فەرمیەکانی تیپە میلیەکان زۆر بە خاوی بڕوات و بە نیوە ناچڵی بەڕێوە بچن، چونکە لە نێو ناحیەکە ١٧ تیپی میلی هەیە.
هێمای بۆ ئەوەشکرد: لەگەڵ ئەوەشدا دو جۆر وەرزشی وەک کیک بۆکسینگ و تایکواندی تێدایە، بەڵام بەهۆی نەبونی هۆڵی گونجاو و جێگەی تایبەت بەو وەرزشـانە لە نێو ماڵ و ژێرزەمینی ماڵاندا راهێنان دەکەن.
«لە روی وەرزش و یاریگاوە کێشەمان نیە، رەنگە گرفتی هەندێک پێداویستی هەبێت ئەوەش کەمە و زۆر جار چارەسەر کراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی چەند یاریگایەکمان هەیە و بێ گرفتە». بڕیار ئەحمەد محەمەد، دانیشتوی ناحیەی باوەنور هێمای بۆ ئەوەکرد.
تارق رەشید رۆستەم، دانیشتوی ناحیەی ئاوە سپی سەربە قەزای کفـری دەڵێت: لە روی وەرزش و یاریگاوە کە گرنگی بە ناحیەکە درابێت هیچ نەکراوە و هیچ شتێکمان نیە لەو روەوە.
لـە بەرامبـەردا، تەلعەت سـەعدوڵڵا، بەڕێوبـەری بەڕێوبەرایەتی وەرزشـی گەرمیان باسـی لەوەکرد: پێش سـەرهەڵدانی قەیرانی دارایی لەسـەر ئاسـتی کوردسـتان بـە قـەزا و ناحیەکانیەوە کە یاریگای ٦ یاریزانی دروست بکرێت ئەو بەرنامەیە تاوەکو ئێستاش ماوە، بەڵام قەیرانی دارایی هات و کارەکەی راگرت نەمانتوانی ئەو بەرنامەیـە جێبەجێ بکەین بەتایبـەت لە ناحیەکان، ئەگەرچی لە هەندێک لە ناحیەکان یاریگامان هەیە.
وتیشـی: دواتـر لەلایەن وەزارەتمانـەوە پێمـان راگەیەندرا کە ٢ دەرخسـتەی جیاواز ئامادەبکەین بۆ نۆژەنکردنـەوەی یاریگاکان لەگـەڵ دروسـتکردنی یاریگای دیکە بۆ سـاڵی ٢٠٢٤ بۆ ٢٠٢٥ و بەرزمان کردوەتەوە بۆ سەروی خۆمان.
دەشڵێت: ئەوانیش دروستکردنی هۆڵی نێودەوڵەتی بالە و باسکە لە ناحیەکانی سەرقەڵا و باوەنور و رزگارییە، لەگەڵ دروستکردنی مەلەوانگەی نێودەوڵەتی لە ناحیەی باوەنور، هاوکات یاریگای ١١ یاریزانـی چیمەنی دەسـتکرد لە ناحیەکانی رزگاریی و سـەرقەڵا دروست بکرێت.
جەختـی لەوەشـکردەوە: دەرخسـتەکەی دیکەمـان تایبـەت بە نۆژەنکردنـی کـۆی یاریـگاکان بەتایبەت ناحیـەکان ئەوانەی کە هەمانـە، بەڵام تاوەکو ئێسـتا هیـچ بەرچاوڕونیەکمـان نیە چ بۆ دروستکردنی یاریگای نوێ چ بۆ نۆژەنکردنەوە.

# بەشی سێیەم: دەرەنجام و ڕاسپاردەکان

## یەکەم: دەرەنجام

١. لە گەرمیاندا ٩ ناحیە هەن، ئەمانیش بەسەر سێ جۆردا دابەش بون، بەشێکیان گەورەن و ژمارەی دانیشتوانیان زۆرە، بەشی دوەمیان مامناوەندە و ژمارەی دانیشتوانیان بەهەمانشێوە، هەرچی بەشی سێیەمە بچوکن و ژمارەی دانیشتوانیشیان زۆر کەمە بەراورد بە ناحیەکان.

٢. ناحیەکانی گەرمیان کێشە و گرفتی جۆراوجۆریان هەیە، گرفتەکەش لە هەمو سێکتەر و بوارەکانە، بەڵام ناحیە بۆ ناحیە جیاوازە، کە لە خوارەوە هەوڵدەدەین ئاماژەیان پێبکەین:

- لە بواری کارەبادا زۆرینەی ناحیەکان کێشەی کەمی ڤۆڵتییەی کارەبایان هەیە، ئەمەش پەیوەستە بە نەبونی وێستگەی دابەشکردنی کارەباوە. جگە لەوەش کێشە لە هێڵەکانی گواستنەوە و سیانەکردنیاندا هەیە.
- لە بواری ئاوی خواردنەوەدا، ناحیەکان دۆخیان جۆراوجۆرە، هەیانە باشە، هەیانە وەکو باوەنور دۆخی خراپە و ئاوەکەی شیاو نییە بۆ خواردنەوە، هەشیانە مامناوەندە وەکو رزگاریی.
- لە بواری تەندروستی دا، تەنها باوەنور نەخۆشخانەیەکی تێدایە ئەویش سەر بە دەزگای تەندروستی پێشمەرگەیە، ئەگینا ناحیەکانی تر بە زۆری نەک مەڵبەندی تەندروستی، بەڵکو بنکەی تەندروستیان تێدایە (تەنها باوەنور، سەرقەڵا و مەیدان مەڵبەندی تەندروستییان هەیە). ئەو خزمەتگوزارییەی هەیە لەناحیەکان بەتایبەت ئەوانەی کە بنکەن، لاواز و کەم و سنوردارن.
- لە بواری پەروەردەدا ناحیەکان کێشەی بینایان هەیە، بەڵام کێشەکە گشتیی نیە و ناحیە بۆ ناحیە جیاوازە، بەگشتی ناحیەی رزگاریی بەو پێیەی گەورەترین ناحیەی سنورەکەیە، کێشەکە تیایدا زەق ترە. بەشێوەیەکی گشتیش بینای قوتابخانەکانی ناحیەکان پێویستیان بە نۆژەنکردنەوە هەیە.
- بواری ئاوەڕۆ یەکێکی ترە لەو بوارانەی کە ئەویش بۆ دو ئاست دابەش بوە، ئاستێک ناحیە بچوکەکانن کە تۆڕی ئاوەڕۆیان نییە، ئاستێکی تر ناحیە گەورەکانن کە تۆڕی ئاوەڕۆیان هەیە، بەڵام کێشەیان هەیە لە هەندێک لە گەڕەکەکاندا. جگە لەوەش ئاوەڕۆکان تێکەڵ بە سەرچاوەی ئاوی سنورەکانیان دەبن بەبێ هیچ چارەسەرێکی ژینگەیی.
- ناحیەکان کێشەی ڕێگاسازییان هەیە، بەتایبەتی ئەوانەی دورەدەستن و ژمارەی دانیشتویان کەمە.
- زیادەڕەوی یەکێکی ترە لە کێشەکان، ئەویش بەوەی دانیشتوانی ناحیەکان زیادەڕۆیی دەکەنە سەر زەوی گشتی، بەڵام ئەمەش زۆرتر لە ناحیە قەرەباڵەغ و گەورەکاندا هەیە.
- بواری وەبەرهێنان بەگشتی لە ناحیەکاندا لاوازە، تەنها لە ناحیەی رزگاری و سەرقەڵا نەبێت، ئەویش بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکانیانەوە، ئەگینا ناحیەکانی دیکە خاڵین لە پرۆژەی وەبەرهێنانی ئەوتۆ.
- کەرتی گواستنەوە لە دیارترین کێشەکانی ناحیەکانن، بەشێوەیەک هەندێک ناحیە هێڵی گواستنەوەیان نییە، هەندێکی تریشیان زۆر شپرزن، ئەمە سەرباری ئەوەی لەناحیە گەورەکانی وەکو رزگاریی و باوەنور تێرمیناڵی تایبەت بە هێڵەکان نییە. بەگشتی لەناحیەکانیشدا تەکسی بونیان نییە یان زۆر سنوردارن.
- بەگشتی ناحیەکان کێشەی کەمی روبەری سەوزاییان هەیە، جگە لەناحیەی سەرقەڵا، ئەوانی دیکە لە خوار ستانداردی جیهانییەوەن لە روی روبەری سەوزاییەوە.
- هەندێک لە ناحیەکان هەڵکەوتەیان زۆر گونجاوە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی گەشتیاریی، پرۆژەشیان تێدا ئەنجام دراوە، بەڵام کەم و سنوردار و بچوکن.
- ناحیەی ئاوەسپی هیچ بنکەی تایبەت بە ئاگرکوژێنەوە و بەرگی شارستانی نییە، لەکاتێکدا ناحیەکانی دیکە هە یا نە.
- لایەنی وەرزشی لەو لایەنانەن کە کەموکورتی زۆری تێدایە، ئەگەرچی وەرزش لە ناحیەکاندا گەشەسەندوە و تەنانەت یانەی ناحیەی رزگاریی لە ریزی یانە پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی پێ، یاریی دەکات.

٣. لەڕوی دەسەڵاتەوە ناحیەکان دەسەڵاتیان سنوردارە، ئەوان بەپێی یاسا گرێدراون بە قەزاکانەوە و قەزاکانیش بە ئیدارەی گەرمیانەوە و ئیدارەکەش بە وەزارەتی ناوخۆوە.

٤. لەڕوی بودجەوە، بە کاریگەریی قەیرانی دارایی بەگشتی نازانرێت ئالیەتەکانی دابەشکردنی بودجە چۆنن، تەنها لەو بەشەی پەیوەندیدارە بە پەرەپێدانی پارێزگاکانەوە بەپێی ژمارەی دانیشتوان بودجە بۆ ناحیەکان دابین دەکرێت و ئەوانیش لە پرۆژە هەنوکەییەکاندا خەرجی دەکەن.

## دووەم: راسپاردەکان

١. دۆخی ناحیەکانی گەرمیان بەگشتی باش نییە و پێویستی بە پێداچونەوەیە، چونکە هەندێک لە ناحیەکان روبەر و ژمارەی دانیشتوانەکەی یەکجار زۆر و گەورە بوە و بەرگی ناحیە بۆی تەنگ بوە، بەپێچەوانەوە هەندێکی تریشیان کەم و بچوک بونەتەوە و رەنگە پێویست بکات ئیدارەدانی تێکەڵ بە ناحیەی دیکە بکرێت.
بۆیە لەم سۆنگەیەوە هانی ئیدارەی گەرمیان دەدەین کە روپێوییەکی گشتی بکات بۆ دۆخی ناحیەکان و لەگەڵیشیدا گوندەکانیان، لەسەر بنەمای ئەوە هەڵسەنگاندن بۆ دۆخیان بکات و پلانێکی رون دابنێت بۆ شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵیاندا.
٢. ئیدارەی ناحیەکان دەسەڵاتیان کەم و سنورداره، ئەمەش بەهۆی ئەو سیستەمە مەرکەز ییەی کە لە هەرێمدا لە بواری کارگێڕییدا پەیڕەو دەکرێت. بۆیە گرنگە پێداچونەوە بەم سیستەمە بکرێت و دەسەڵاتی فراوان بە خودی ئیدارەی ناحیەکان بدرێت، بۆ ئەمەش پێویستە پارلەمانی کوردستان بێتە سەرهێڵ و یاسای پێویست دەربچێنێت.
٣. دیارترین کێشەی ناحیەکان، کۆچ کردنە، چونکە بەشێکی بەرچاو لە دانیشتوانەکەیان بەهۆکاری خراپی خزمەتگوزاریی و نەبونی دەرفەتی خۆشگوزەرانی و هۆکاری دیکە، رو لە شارە گەورەکان دەکەن و ناحیەکان چۆڵ دەکەن. ئەم حاڵەتەش لێکەوتەی مرۆیی و ئابوریی زۆری دەبێت و وادەکات ناهاوسەنگییەک لە کۆبونەوەی هاوڵاتیان لە ناوچەکاندا دروست بێت. بۆیە زۆر گرنگە حکومەت ئەم خاڵە بەهەند وەرگرێت و لەبەر خاتری گەورەبونی شارەکان، ناحیە و گوندەکانیان نەکاتە قوربانی.
٤. کارەبا لە هۆکارە سەرەکییەکانی چۆڵکردنی ناحیەکان و جاڕسبونی هاوڵاتیانە، بۆیە پێشنیاز دەکەین حکومەتی هەرێم و وەزارەتی کارەبا، پلانێکی گونجاو بۆ ئەم بوارە دابنێن و وابکەن وێستگەی کارەبا بۆ ناحیەکان دابین بکەن، یاخود چەند ناحیەیەک بەیەکەوە وێستگەیەکیان بۆ دابین بکرێت.
٥. هەندێک لە ناحیەکان کێشەی قوڵی دابینکردنی ئاوی پاکی خواردنەوەیان هەیە، لەکاتێکدا بنەڕەتیی ترین سەرچاوەی ژیانە، بۆیە دەبێت حکومەت مامەڵەی جیدی لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکات و بە زویی چارەسەری بکات، چونکە سەردەکێشێت بۆ کێشە و ئاستەنگی دیکە.
٦. لە بواری وەبەرهێناندا گرنگە بەڕێوبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی گەرمیان پلانێکی هەبێت و تەنها گرنگی بە بونیادنانی پرۆژە لە قەزاکاندا نەدات، بەڵکو بەشێک لەو پرۆژانە بباتە ناحیەکان، بەتایبەتی پرۆژە بازرگانی و پیشەسازییەکان، کە هاوکات دەشبێتە هۆی رەخساندنی هەلی کار بۆ دانیشتوانی ناحیەکان و گوندەکانیان.
٧. کەرتی گواستنەوە لەو کەرتانەیە کە لە قەزا و ناحیەکانیشدا وەکو یەک کێشەی تێدایە. وادەردەکەوێت کە حکومەت ئەم کەرتەی سپاردوە بە قەدەر و هیچ هەنگاوێکی فیعلی بۆ چارەسەرکردنی نانێت. بۆیە هانی بەڕێوبەرایەتی گواستنەوەی گەرمیان دەدەین کە چاودێریی هەبێت بۆ ئەم بوارە و چاکسازیی تێدا بکات، نەک لە دورەوە تەماشاکەر بێت. هەروەک پێویستیشە وەزارەتی گواستنەوە رەچاوی تایبەتمەندی ناوچەکان بکات و دەسەڵات بە حکومەتە خۆجێیەکان بدات بۆ ئەوەی خۆیان بواری گواستنەوەیان رێکبخەن.
٨. مەسەلەی سەوزایی و ژینگە، پرسێکی زۆر گرنگە بۆ ناحیەکان، چونکە گەرمیان لەو ناوچانەیە کە مەترسی بە بیابانبونی لێدەکرێت بە کاریگەریی گۆڕانی کەشوهەواوە، لەمەشدا ناحیەکان زیاتر زیانمەند دەبن و لەئێستاشدا لێکەوتەی ئەم گۆڕانکارییەی ژینگە هەستپێدەکرێت، بۆیە دەبێت ئەم مەترسییە بە هەند وەربگیرێت و هەنگاوی پێویست بنێت بۆ پاراستنی ژینگە و زیادکردنی روبەری سەوزایی.
٩. هانی بەڕێوبەرایەتی گشتی شارەوانییەکانی گەرمیان دەدەین، کە راپۆرت و توێژینەوەیەکی ورد ئامادە بکەن لەبارەی ئەو پرۆژە خزمەتگوزارییانەی لە ناحیەکاندا پێویستە ئەنجام بدرێن، بۆ ئەم مەبەستەش هەڵسەنگاندنێکی ورد بکرێت، بۆ ئەوەی لەکاتی بەردەست بونی بودجەدا بەپێی پێویستی و ناوچەکان، پرۆژە خزمەتگوزارییەکان ئەنجام بدرێن.
١٠. لایەنی پەروەردەیی لە گرنگترین لایەنەکانە کە دەبێت حکومەت ئاوڕی لێبداتەوە، چونکە ژینگەی ناوەندەکانی خوێندن لە ناحیەکاندا زۆر نەگونجاون، بەهۆی بونی کێشەی بینا ئیتر چ نەبونیان بێت یاخود کۆنیی و نەشیاویان.
١١. پێویستە لەناحیەکاندا گرنگی بە پرۆژەی گەشتیاریی و لایەنی وەرزشی و پشودانی هاوڵاتیان بدرێت، بۆ ئەمەش بە رەچاوکردنی ئەو بنەمایانەی کە لە ناحیەکاندا هەیە، دەکرێت پرۆژەی تێدا ئەنجام بدرێت. پێویستە حکومەت هانی وەبەرهێنەران و خاوەنکارەکان بدات بۆ ئەوەی پرۆژەی گەشتیاریی و پشودان لە ناحیەکان ئەنجام بدەن، هاوکات حکومەت خۆیشی پرۆژە و خول و چالاکی وەرزشی بۆ برەودان بەو کەرتە لەناحیەکان ئەنجام بدات و تەنها کارەکانی لە ناوەندی قەزاکان دا چڕ نەکاتەوە.

* ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:
١. زریان محەمەد
٢. پەرژین کامەران

بۆ پەیوەندی
٠٧٧٠١٩٢٣٦٦٢ - ٠٧٧٤٠٨٧٨١٥٣
Radiodeng@yahoo.com
yakaychawderigarmyan@gmail.com
www.radiodeng.net